# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٣٥، شەممە، ١ی خەرمانانی ١٣٩٣، ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## نامەی پیرۆزبایی بەڕێز «مستەفا هیجری» بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان به بۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرکۆماری تورکیه

بەڕێز: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان

وێڕای سڵاو و ڕێز!

خۆشحاڵین بە هەڵبژاردنتان لە لایەن خەڵکی تورکیە وەك سەرکۆماری داهاتووی ئەو وڵاتە. هەنگاوەکانتان لە ڕابردوودا سەبارەت بە هەوڵدان بۆ چارەسەریی کێشەکانی تورکیە و یەکێك لەوانە پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگ، ئەو هیوایە لە دڵی ئێمە و کوردەکانی دانیشتووی تورکیەش بەهێز دەکا، کە بەڵێنەکانی بەڕێزتان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ بنیاتنانی تورکیەیەکی نوێ، لە ئاشتی، چارەسەریی یەکجاری پرس و داخوازە ڕەواکانی کورد و پەرەگرتنی دێموکراسییەکی بەرینتر لە تورکیە هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵدەگیرێ و تورکیە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێش دەبا. ئێمە پشتیوانی لە بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی دەکەین کە ئێستا لە ئارا دایە و هیواداریـن لەو ئەرکە گرینگەدا کە بە ئەستۆتان گرتووە، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ و سەرکەوتوو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی ـ مستەفا هیجری


١٣٩٣/٥/٢١ی هەتاوی

٢٠١٤/٨/١٢ زایینی




پەیامی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی ...

٤



فەرمانی جیهادی خومەینی و مێژوویەک لە قوربانیدان

٥



وتووێژی ڕۆژنامەی دەستوور لەگەڵ بەڕیز مستەفا هیجری

٨



پیلانێکی ناوچەیی مەترسیدار دژ بە هەرێمی کوردستان ...

١٠



# حیزبی دێموکرات قوتابخانەی شۆڕشە

لـە شەسـت و نۆهەمین سـاڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، خەڵکـی کوردسـتان، ئەندامان و لایەنگرانـی حیـزب لە نێوخـۆ و دەرەوەی کوردسـتانی ئێران بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغـی و ڕێوڕەسـمگەلێکی تایبەت بەم ڕۆژە، خۆشیی و شادیی خۆیان دەربڕی.

هـەر بـەم بۆنەیـەوە، پاش نیـوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێوڕەسـمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی سروودی نەتەوەیـی «ئـەی ڕەقیـب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بـۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێـگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد، پاشـان تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسـیی حیزب چەند وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز مسـتەفایی لـە وتەکانی خۆیدا ڕایگەیانـد کـە «حیزبی دێموکـرات لە سـەرەتای دامەزرانییەوە زۆر دەسکەوتی بە نرخی هەبووە و لە هەمان کاتدا تووشی زۆر کارەساتیش بووە.. بەڵام نە سەرکەوتنەکان و نە کارەسـاتەکان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕێـڕەوی خەبات بۆ گەیشـتن بە مافە نەتەوەیـی و دیمۆکراتیکەکانی گەلەکەمان دوور بکەوینـەوە و هەمـوو سـەرکەوتن و تێکشـکانەکانمان کردوونەتـە دەسـتمایە و ئەزموون بۆ خەباتی حیزبەکەمان».

بەڕێز مسـتەفایی لـە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێسـتای کوردسـتان و عێراق و هەڵوێسـتی حیزب لەم پێوەندییـەدا وتی: «حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە هەستکردن بە بەرپرسـیارێتیی مێژوویـی خۆی و بە خوێندنەوەی وردی ڕووداوەکان، هەڵوێسـتی گـرت و ئامادەیـی خۆی بۆ هـەر جۆرە پشتیوانی و یارمەتییەکی بەکردەوە ڕاگەیاند. لەو پێوەندییەدا ناردنی چەندین یەکەی هێزی پێشـمەرگەی دێموکرات بۆ بەشداریکردن لە بەرەکانی شـەڕی پاراستنی مەوجوودییەتی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان، درێژەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی چەندین دەیە خەباتی حیزبەکەمان و سەلمێنەری ئیرادەی پۆڵایینی حیزبی دێموکرات بۆ درێـژەدان بە ڕێبازی ڕێبەرانی شـەهیدی حیزب و گەلەکەمانە و نیشـان دەدات کـە حیزبـی دێموکرات قوتابخانەی شۆڕشە».

ناوبـراو هەروەهـا لە وتەکانـی خۆیدا وێڕای هێماکردن بۆ هەلومەرجی سیاسـی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زاڵ بە سەر ئێران و کوردسـتان ڕایانگەیاند کە: « بە سەرنجدان بە لەرزۆکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی و ئەزموونـی دەوڵەمەند و ڕۆڵی میحوەریی حیزبەکەمان لە ڕێکخستن و یەکخستنی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی ئێران و کوردسـتان لـە سـەنگەری خەبـات بـۆ ڕووخاندنی قەڵای سـتەم و چەوسـانەوە و بنیاتنانی دوارۆژێکی ڕوون بـۆ کۆمەڵگاکەمان، بە پێویسـتی دەزانم جارێکی دیکە پێداگریی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لە سەر جێگیرکردنی پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانی خەباتی خۆی، واتە هەوڵدان بۆ دێموکراسی، مافی چارەی خۆنووسـین، مافی مرۆڤ، دادپەروەری، پێشکەوتن، ئاشتی و پێکەوەژیان لـە کۆمەڵـگای ڕزگارکـراوی پاش بە چۆکداهێنانی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهدا دووبارە بکەمەوە».

لە درێژەی ئـەم ڕێوڕەسـمەدا پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ئیلهام چایچی بەرپرسـی یەکیەتی ژنانەوە خوێندرایەوە.

لـە نێوخۆی کوردسـتانیش سـەرەڕای گوشـارەکانی ڕێژیم و هێزە سـەرکوتکەرە ئەمنیەتی و سەربازیی و بەکرێگیراوەکانیان، ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو شار و گوندەکاندا بە هەڵکردنی ئاگر، بڵاوکردنەوەی تراکت و هەڵدانی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزب، هێمـا و وێنە پێوەندیدارەکان بەم بۆنە مێژووییەوە لەگەڵ ئامانـج و ئارمانەکانی حیزبـی دێموکرات و ڕێبەرانی شـەهیدی نەتـەوەی کورد سـەرلەنوێ پەیمانیان نوێ کردەوە.

***

دەقـی وتەکانـی تەیمور مسـتەفایی، ئەندامی دەفتـەری سیاسـیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لاپەڕەکانی ٤ و ٥دا بخوێننەوە.



## وەزیری بەرگریی ئەمریکا: داعش لە ئەلقاعیدە مەترسیدارترە

چـاك هیـگل، وەزیـری بەرگریی ئامریکا، شـەوی پێنجشەممە ٢١ ئووتی ٢٠١٤لە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیدا لە پێنتاگۆن ڕایگەیاند: «مەترسـی داعش بۆ سەر جیهان لە مەترسی ئەلقاعیدە زۆر زیاترە».

بە پێی ڕاپۆرتی تەلەویزیونی ئەلعەربیە، وەزیـری بەرگریی ئامریکا لەم کۆنفرانسـە ڕۆژنامەوانیەدا کە مارتین دێمپێسـی، سەرۆکی ستادی هاوبەشـی سوپای ئامریکایش تێدا بەشدار بوو، وتی: «تەنیا لە ڕێگەی هێرشـە ئاسمانییەکانەوە دەکرێ داعش شکست پێ بهێنێن».

ئەو بە جەختکردنەوە لە سـەر درێژەی دەسـتێوەردانی بەرتەسـکی سـەربازی ئامریکا لە عێراقـدا ڕایگەیاند: «لەوانەیـە داعـش هێزەکانـی خۆی بۆ هێرشێکی نوێ ئامادە بکات».

هێـگل بـە باسـکردن لـەوەی کـە ڕێکخسـتنەکانی داعش بە شێوەیەکی زۆر ڕێکخراوە و تێکچێنراو کاردەکەن، وتی: «بۆ بەرەنگابوونـەوەی داعش لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا بـە دوای هاوپەیمانانێکـدا دەگەڕێـن». ناوبراو هەروەهـا ڕایگەیاند، ئامریـکا بۆ بەرەنگابوونـەوەی ڕێکخراوی تێرۆریسـتی داعش بیر لـە بەرنامەیەکی درێژخایەن دەکاتەوە.

وەزیری بەرگریی ئامریکا هەروەها وتی: «هەنووکە هێزە عێراقیەکان و پێشمەرگەکانی کوردستان بە سـەر داعشدا زاڵن و ئەمریکا بە هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی پشتیوانییان دەکات». هێگل هەورەها باسی لە شکستی عەمەلیاتی هێزەکانی سـوپای ئامریکا بۆ ڕزگارکردنی چەند بارمتـەی ئامریکایی لە سووریە لە دەسـتی داعش کرد کە یەك لەوانە جیمز فوولی ڕۆژنامەوانی کوژراو بە دەستی داعش بوو.

وەزیـری بەرگریـی ئامریـکا وتـی: «بـەدوور نازانم کە داعـش عەمەلیاتێکی تێرۆریستی هاوشێوەی ١١ سیپتامبر ئەنجام بـدات، چوونکە ئەم ڕێکخسـتنە لە ڕووی پەروەردەی سەربازی و هەروەها پێداویستییە ماڵییەکانەوە لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە بەهێزترە».

ئەو هەروەها وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی سـووریە وتی: «ئەسـەد فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆرە کە زۆر دڕندانە دەسـتی داوەتە کوشـتاری سـوورییەکان. ناوبراو بۆ خۆی بەشی سەرەکی قەیرانی سووریەیە.»

هەروەها مارتین دێمپسـی، سـەرۆکی سـتادی هاوبەشـی ئامریـکا کـە لەم کونفرانسـەدا هاوڕێی هێگل بوو وتی: «بە دۆزینەوەی چارەسـەر بۆ قەیرانی سووریە، دەتوانین داعش بە چۆکدا بێنین».

دێمپسـی هەروەها ڕایگەیاند: «ئێمە بۆ پاڵپشـتی کردنی خەڵکی عێراق لە بەرانبەر داعشـدا چەکی قورسـمان بـە هێزەکانی پێشمەرگە داوە».

## پەیڤ

### ناهید حسێنی

بەشـداری کردنی هێزی پێشمەرگەی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لە هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ پاراستنی باشووری کوردستان لە هێرشی کۆمەڵی دواکەوتوو و دژی مرۆڤی داعش، هاوکات بوو لە گەڵ سەروبەندی پیرۆزباییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەکەمان. ٦٩ ساڵ لەمەوبەر کاتێك پێشـەنگە نەتەوەییەکانمان لە شـاری مهابـاد حیزبـی دێموکراتیان دامەزراند، یەکەم و گرینگترین بەڵێنیان بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە بوو کە ئەو حیزبەی ئەوان دایدەمەزرێنن تا سەرکەوتنی نەتەوەی کورد و وەدەسـتهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە هەر شوێنێك کە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد وەمەترسـی بکەوێ، بە بێ جیـاوازی لە تێکۆشـان و چالاکیدا بێ. مێژووی خەباتی سیاسـیی ئەم چەند ساڵە و هەڵوێسـتە نەتەوەییەکانی حیزبەکەمان لە قۆناغە ئاسـتەمەکانی مێژووی نەتەوەی کـورددا، وەفاداریـی ڕێبوارانی ڕێگای دێموکراتی بەو بەڵێنە چەند پات کردووە.

ڕەوشی سیاسـیی ئەمڕۆی کوردستان لـە زۆر بـوارەوە وێکچوونـی لـە گەڵ سـاڵەکانی شـەڕی جیهانیـی دووهەم و سـەردەمی دامەزرانی حیزبـی دێموکرات هەیە. ئەمڕۆ. شـەڕێکی بەرینی ناوچەیی لە لوبنانەوە تا ئەفغانسـتان، بە تایبەت لە عێراق و سووریە دەستی پێکردوە کە هەموو وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ تێوە گلاون. زلهێزە جیهانیەکانیش بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان لەو شـەڕەدا حزووریان هەیە. هاوسـەنگی و هاوپەیمانیـە جیهانـی و ناوچەییەکان بە خێرایی گۆڕانیان بە سـەردا دێ. جاروبار دوژمنەکان لە بەرانبەر مەترسـییەکی نوێ دا دەکەونە یەك بەرەوە، دۆسـتەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پشت لە یەکتر دەکـەن و بێلایەنەکان بـە نەخوازراوی بۆ گۆڕەپانی کێشمەکێشـە سیاسی و تەنانەت چەکدارییەکانیش ڕادەکێشرێن.

کوردستان، ئێستا بۆتە ناوەندی سەرەکیی ئەم کێشمەکێش و ئاڵۆزییانە و گەلی کورد لە گەڵ یەکێك لە ئاستەمترین سەردەمەکانی مێژووی خۆی ڕووبـەڕوو بووە. ڕۆژەکانی داهاتـوو بـۆ چارەنووسـی نەتەوەکەمان، لە هەموو بەشـەکانی کوردسـتان دا زۆر گرینگن. بۆیەش تۆڕی ڕەشی دوژمنانی گەلی کورد و لە سـەرووی هەمووشیانەوە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو کوردستان ڕاچێندراوە تا ئەو دەرفەتە بۆ کورد بکاتە داوێکی نوێ.

کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی ٣٥ ساڵ لەمەو بـەر یەکەم جیهادی لە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند، بە هیچ شـێوەیەك ناتوانێ لە شـەڕی دژی داعشدا، لە سەر قازانجی گەلی کورد هەنگاوێك باوێ. دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لەو کێشەیەدا، تەنیا بە مەبەسـتی قووڵترکردنـەوەی ئاڵۆزییەکان و بـە لاڕێ بردنی هەوڵەکانـی نەتەوەی کورد بـۆ وەدیهێنانی مافـی دیاریکردنی چارەنووسیەتی. دەنا جیاوازیی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا لە مەزهەبەکەیان و لە ناوەکەیان دایە.

لە بەرامبەر ئەو مەترسیەدا، هاودەنگی، هاوپەیمانـی و یـەك هەڵوێسـتی هێـزە کوردستانیەکان، ئێستا لە هەموو ساتەکانی مێژووی کورد پێویستترە. حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٦٩ ساڵ... درێژەی لە لاپەرە ٢

کوردستان

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان

بەبۆنەی ١٢ی ئاگۆست ڕۆژی جیهانیی لاوان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە لاوانی جیهان، بە تایبەت لاوانی کوردستانی ئێران دەکەم. ئێمە لە حاڵێکدا یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە لە جیهاندا زۆرن ئەو لاوانەی کە لە جیاتی ژینێکی ئازاد و شیاوی لاوەکان، لەژێر زەبر و زەنگی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا، لە ژیانی لاویەتی بێبەش کراون، وەك نموونەیەك دەکرێ ئاماژە بە لاوەکانی ئێران بە تایبەت ژیان و گوزەرانی لاوانی کورد لەو وڵاتەدا بکەین. لاوەکانی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو خۆشی و ئازادییەکانی ئەمڕۆی جیهان بێبەش کراون، ژمارەیەکی بەرچاویان تەنیا بە تاوانی دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆیان لە زیندانەکانی ڕێژیم دان، یان ناچار کراون زێدی باب و باپیرانیان بە جێ بێڵن و ئاوارەی هەندەران بن، بۆ ئەوەی لە ڕاستیدا خۆیان لە زیندانێکی گەورەی بە ناوی ئێران ڕزگار بکەن هەتا تووشی ئیعدام، بێ چارەنووسی و بێ حورمەتی نەبن، بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە داهاتوو هی لاوەکانمانە و چاوەڕوان دەکرێ کە بەهێزی لە شکان نەهاتووی خۆیان ئەو داهاتوویە بەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، داهاتوویەکی گەش و بە ئارەزووی خۆیان بنیات بنێن. بۆ خوڵقاندنی ئەو داهاتوویە ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی ـ مستەفا هیجری
١٣٩٣/٥/٢٠ی هەتاوی ـ ٢٠١٤/٨/١١ی زایینی



## شاندێکی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە

ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی سەردانی مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕانی لە شاری سلێمانی کرد و لەلایەن شاندێکی ئەو بزووتنەوەوە بە سەرپەرستیی «نەوشیروان مستەفا» ڕێکخەری گشتیی پێشوازیی لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا لە لایەن هەر دوو هەیئەتەوە بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، عێراق و کوردستان تاوتوێ کرا و هەر دوولایەن پێیان وابوو لەم قۆناغە هەستیارە دا کە لە ناوچەکە تێدەپەڕێت، هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە هەموو کات پێویستییان بە تەبایی و یەکریزی هەیە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەر ئەگەرێك بە تایبەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ چەکدارانی داعش و پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان. شاندی خانەخوێی بەڕێ کردنی پێشمەرگە و بەشداری کردنی حیزبی دێموکرات لە شەری دژی هێرشەکانی داعشی بە گرینگ و مەسئولانە وەسف کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا هەروەها باسێك لە سەر ڕۆڵ و پێگەی کورد لەم بارودۆخەی ئێستای ناوچەکەدا کرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و بزووتنەوەی گۆڕان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لەو دیدارە، لەسەر پەرەپێدانی پێوەندییەکانی دوو لایەن پێداگرییان کردەوە.

## هاودیتنی شاندێکی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ پارتی پێشکەوتنخوازی دێموکراتی کوردستانی سووریە

ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتیری گشتی، سەردانی بارەگای پارتی پێشکەوتنخوازی دێموکراتی کوردستانی سووریەی لە شاری سلێمانی کرد و لەلایەن شاندێکیانەوە بە سەرپەرستیی «حەمید دەرویش» سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارە دۆستانەیەدا باسێك لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان، کورد و ناوچەکە لە لایەن دوو هەیئەتەوە کرا و حەمید دەرویش باسێکی لە سەر ڕەوشی ئێستای کورد و بە تایبەت بارودۆخی ئێستای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە و ئەنجومەنی نیشتمانی سووریەی لەم قوناخەدا کرد. لەو دیدارەدا حەمید دەرویش داوای پشتگیریی لە حیزبی دێموکراتی کرد و ئەو دەست پێشخەرییەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ کۆبوونەوەی هێزە کوردییەکان لەسەر بارودۆخی کورد لە سووریە و دێتنەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ یەکڕیزیی کورد لەو بەشەی کوردستان، هەتا ئەو دەرفەتەی کە لەو بەشەی کوردستان هاتوتە پێش، لە کیس نەچێت بە ئەرێنی وەسف کرد. لەم پێوەندییەدا مستەفا هیجری لەسەر بەردەوامیی هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە پێناو یەکڕیزیی گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان پێداگریی کردەوە و وتی، ئەوەی لە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بێت، لەو بارەوە وەك ڕابردوو درێغی ناکات.

## پاشماوەی سەروتار

خەباتی سەخت و دژواری خۆی دا، سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە مەیدانی سەرەکیی چالاکیەکانی خۆی لە چوارچیوەی جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زانیوە و قورسایی تێکۆشانی لە دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئێران بووە، بەڵام لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکاندا شان بە شانی هێزە هاوپەیمانە کوردستانیەکان ئەرکە نەتەوەییەکانی بە باشترین شێوە ڕاپەڕاندوە. ناردنی هێزی پێشمەرگەی حیزب بۆ بەرەکانی شەر لە دژی داعشیش هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو. بۆیە هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب، هەر بەو ئامادەیی، دڵگەرمی و ئیمانەوە کە لە بەرامبەر ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دا ڕادەوەستن، چوون بۆ بەرەکانی شەڕی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان لە باشووری کوردستان.

## ڕاگەیاندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ

هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!

٣٥ ساڵ لەوەپێش واتە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە فەرمانی خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی بە دەسەڵات گەیشتوو، هێزە چەکدارەکانی ئەم دەسەڵاتە هەڵیان کوتایە سەر کوردستان و شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوایان بەسەر گەلی کورددا سەپاند. بیانووی ئەم هێرشە بۆسەر کوردستان کۆمەڵێك درۆ و بوختانی بێ بنەما ڕوو لە حیزبە سیاسییەکان بوو کە تەنیا بۆ وروژاندنی هێزە چەکدارە توندڕەوەکانی خۆیان بوو کە بە پەلە ئامادەیان کردبوون بۆ پەلاماردانی شار و دێهاتەکانی کوردستان. لە بەرانبەر ئەم هێرشە هەمەلایەن و ناڕەوایەدا بەرگرییەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شێوازەکانی خەبات و بە تایبەت خەباتی چەکداری بەرپا بوو کە دوای سێ مانگ کۆماری ئیسلامی و خومەینی هێنایە سەر مێزی وتوویژ و دانووستان. هەرچەند ئەم وتوویژ و دانووستانە بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا بە مەبەستی پشوویەك بوو بۆ خۆتەیارکردنەوەیەکی دووبارە بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی زۆر گرینگیشی بۆ کورد بە گشتی و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی تێدا بوو. ٢٨ی گەلاوێژ هەر چەند لە مێژوودا بە ڕۆژێك ناسراوە کە کوردستان دەکەوێتە بەر پەلاماری هێزی سەرکوتگەر و بێ ڕەحم، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆژێکیشە کە بەرگرییەکی ڕەوا و مقاومەتێکی نەتەوەیی لە دایك دەبێ کە تا ئێستاش بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. کوردستانی ڕۆژهەڵات ٣٥ ساڵ لەوە پێش کۆمەڵگایەکی سێکولار، کراوە و لێوانلێو لە ڕۆژنامە و چاپەمەنیی جۆراجۆر بوو، ژنان لەوپەڕی ئازادی و بە بێ هیچ گرفتێك لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو بوارەکانی ژیان بەشدارییان دەکرد، کرێکاران و مامۆستایان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا خەریك بوون بە کەڵك وەرگرتن لە کەش و هەوای ئازادی سیاسی، خۆیان ڕێك دەخست و بەرگرییان لە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی خۆیان دەکرد. لە حاڵێکدا لە باقی شار و شارۆچکەکانی ئێران کە باڵی ڕەش و نگریسی کۆنەپەرستی و خەفەقانی سیاسی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا دەکێشا و کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی کوردستان وەك جەزیرەیەکی ئازاد تەحەمول بکات.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە گەلی کورد بە گشت حیزبە سیاسییەکانییەوە زۆر هەوڵی دا کە لە ڕێگای هێمنانە و بە شێوازەکانی ئاشتیخوازانە، داخوازییەکانی خۆی بەیان بکات و بۆ دەستەبەرکردنیان خەبات بکات. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی تەنیا زمانی چەك دەزانێ و لە نیزامێکدا کە ئەو نوێنەرایەتی دەکا و خەریکە دایدەمەزرێنێ، جێگایەك بۆ خەباتی ئاشتیخوازانەی نەتەوەیی و مەدەنی نییە. بۆیەش گەلی کورد چارەیەکی نەما جگە لەوە دەست بۆ چەك بەرێ و خەباتی پێشمەرگانە لە دژی هێرشکەران بۆ سەر کوردستان وەرێ بخات و وەڵامێکی شیاو بە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بداتەوە. قۆناغی خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامی پڕە لە حەماسەی شکۆدار لە قارەمانی و لەخۆبردوویی، هەموو لایەك لە بیرمانە کە کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی هەر بستێك لە خاکی کوردستان لەگەڵ چ خۆڕاگری و مقاومەتێك بەرەوڕوو دەبوو. لەسەر بەستێنی ئەم بەرخۆدانە کە ئێستاش بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەردەوام و زیندووە. ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی ٣٥ ساڵەی ئەم ڕۆژە دەچین کە گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هێشتا بە ئاواتەکانی نەگەیشتووە و هەروا لە ژێر گوشاری سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگی دایە. شێوازەکانی خەبات لە کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان درێژەی هەیە و لە بەرانبەردا گرتن، زیندان و ئیعدام لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کۆتایی نەهاتووە و درێژەی هەیە، هەر بۆیە لەو موناسبەتەدا ئێمە پەیمان و بەڵێن لە گەڵ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تازە دەکەینەوە بۆ درێژەدان بە خەبات تا وەدیهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەیی‌یەکانمان. جێی خۆیەتی هەر لێرەدا لە سەروبەندی یادکردنەوەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی فەرمانی جیهاد بۆسەر کوردستان ئاماژە بە پەلامار و هێرشی دڕندانەی هێزێکی توندڕەوی وەك داعش بکەین کە لە ژێر ئاڵای ئایین، هەر وەك کۆماری ئیسلامی، خوێن و ماڵی کورد بە حەڵاڵ دەزانێ و لە هیچ تاوانێك دژ بە گەلی کورد و مرۆڤایەتی خۆناپارێزی. ئێمە جینایەت و کۆمەڵکوژییەکانی خەڵکی مەدەنی و کەمایەتییە ئایینییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە دەچێتە چوارچێوەی جینۆساید و قڕکردن بە توندی مەحکووم دەکەین. لە هەمان کاتدا ڕێز دەگرین لە یارمەتی و بە هاناوە هاتنی دنیای دەرەوە و خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە شێوازی جۆراوجۆردا خۆی نواند. لەو پێوەندییەدا پشتیوانی لە خۆڕاگری و بەرگریی خەڵك و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی باشوور دەردەبڕینەوە لە دژی تیرۆریستانی داعش و هەر ئەو جۆرەی پێشتریش ڕامانگەیاندووە ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکین لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی.

سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد
بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی

## شاندێکی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی بەڕێز بەڕێز «محیەدین شێخ ئالی» سکرتیری گشتیی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێ کرا. لەم سەردانە دۆستانەیەدا «محیەدین شێخ ئالی» باسێکی لە سەر دوایین ڕووداوەکانی کورد لە سووریە، ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و ڕێژیمی بەشار ئەسەد و دەستتێوەردانی لایەنی دەرەکی بە تایبەت ڕێژیمی ئێران، هێنایە ئاراوە. بەڕێز مستەفا هیجری لە سەر ڕەوشی ئێران و کوردستانی ئێران و بەردەوام بوونی سیاسەتی زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نکۆڵی کردن لە شوناسی نەتەوەکانی ئێران و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و یارمەتی کردنی تیرۆریزمی جیهانی و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە و هەڵوێست و ڕوانینی حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی کورد بە گشتیی و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەپێی بارودۆخی کورد لەو پارچەی کوردستان دەربڕی، لەم پێوەندییەدا خەباتی گەلی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان و پێوەندیی برایانە و دۆستانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی دێموکراتی کوردی لە سووریەی بەرز نرخاند و لەسەر بەردەوامیی ئەو پێوەندییە جەختی کردەوە.



## لە ناوەندی ٣ی کوردستان، ڕێوڕەسمی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی٢٦ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٦٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی ٣ی کوردستان بە بەشداریی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان و میوانان، بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لەلایەن «سەدیق دەرویشی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی ٣ پێشکەش کرا.

دواتر سروودێك لە ژێر ناوی «گەلاوێژ ئەی گزینگی خۆرهەڵاتم چرای ڕەوشەنگەری ڕێگای خەباتم» لەلایەن منداڵانی ناوندی ٣ی کوردستانەوە پێشکەش کرا. گۆرانییەك لەژێر ناوی «ڕووناکیی ئاسۆ» لەلایەن هونەرمەند «غوڵام فاتحی»یەوە پێشکەش بە بەشداربوان کرا. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان لە ناوەندی٣، چەند بروسکەی پیرۆزبایی، پەخشانێك لەژێر ناوی «کاروانی خۆر» و سروودی «سوورە گوڵ» لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کران.

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ناوخۆی وڵات، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٦٩هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی پوستری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ، تراکت، سی دی و هەڵدانی ئاڵای کوردستان و ئاڵای شینی ئاسمانی و نوسینی دروشم و کردنەوەی ئاگر لە سەر چیاکان، لە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا بە شێوەێکی بەربڵاو چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردوە. ئەو چالاکییانە لە کاتێك دا بەڕێوە چوون کە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا،لە لایەن ڕێژیمەوە حالەتی نائاسایی و ئەمنییەتی ڕاگەینرا بوو و هێزێکی زۆری چەکدار لە شار و ناوچەکانی کوردستان جێگیر کرابوون. بە هۆی زۆر بوونی ناوچە و شوێنەکان، لیرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. ورمێ، بۆکان، مەهاباد، بانە، پیرانشار، شنۆ، ڕەبەت، سنە، پاوە، مەریوان، سەوڵاوا، کامیاران، نەوسود، باینگان، سەقز و شیراز.

(بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ٢٥ی گەلاوێژ، سەردانی سایتی «کوردستان میدیا» بکەن).



# هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕ بە دژی داعش، سەرکەوتنی بەدەست هێنا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوێك لە بارەی هێرشەکانی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان، ستادێکی بۆ ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان پێکهێنا. هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکەمین ڕۆژی شەڕ لە دژی چەکدارانی داعش دا گوندێکیان لەدەستی تیرۆریستان ڕزگار کرد. هێزەکانی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە هێرشێکی هاوبەشدا، لە ڕێکەوتی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، بۆسەر چەکدارانی داعش لە گوندی «چەم شۆڵە» لە ناوچەی «گوێر» توانییان زەبرێکی قورس لە چەکدارانی داعش بدەن، تێکیان بشکێنن و کۆنترۆڵی گوندەکە بە دەستەوە بگرن.

## لە پیرانشار کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، «ئەسعەد حاجی حوسێنی» کوڕی «عەبدوڵڵا» و تەمەن ٤٠ ساڵ، ناسراو بە «ئەسعەد خوری» خەڵکی گوندی «شێلمجاڕان» و دانیشتووی گەڕەکی «کۆنەخانێ»ی پیرانشار لە شوێنێك بەناوی «سەوە لە چیای ملە مارە» لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە تەقەی لێ کرا و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دا. ئەسعەد حاجی حوسێنی لە کاتێکدا کە سەرقاڵی پێشەی کۆڵبەری بووە، لەگەڵ کاروانی کۆڵبەران کەوتووەتە بۆسەی هێزە ئینتزامییەکانی پاسگای چیانەوەو کوژراوە.

## لە پارێزگای کرماشان، هاووڵاتییەکی کورد بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی سەلاس باوەجانی بەناوی «وەزیر مەحموودی» تەمەن ٤٥ ساڵ و کوڕی حوسێن لە کاتێکدا کە سەرقاڵی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەی بووە، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ تەقەی لێ کراوە.

## ئەندامیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، مامۆستا عەزیز حەیرانی مامۆستای قوتابخانەکانی شاری مەهاباد بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە شوێنێك بە ناوی کەمەربەندیی دارلەك، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەسایەتییەکی خۆشەویست لای خەڵکی ناوچە و بە تایبەت قوتابییەکانی بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك دەزانێ و هیوای سەبوورییان بۆ دەخوازێ.

## کۆڵبەرێکی دیکەی کورد لە پیرانشار بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی «چۆمان»ی مەهاباد بەناوی «سەید کەماڵ ئەبتەحی» کوڕی سەید عەزیز دانیشتووی پشتەپی مەهاباد، لە شوێنێك بە ناوی «قەتقەت»ی بەری مێرگانی پیرانشار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دا.

## لە چەند وڵاتی ئورووپایی و کانادا ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوەچوو

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وڵاتانی نۆرویژ، سویس، دانمارك، ڕۆژهەڵاتی کانادا ڕێوڕەسمی تایبەتیان بە بۆنەی ٦٩هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی حیزب، کەسایەتیی سیاسیی ونوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە بەڕێوە برد. ڕێوڕەسمەکان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتانە لە لایەن بەرپرسی کومیتەکانەوە پێشکەش کرا. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانەدا پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرانەوە. هەروەها لە وڵاتی سویس سمینارێك بەبۆنەی ٦٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ «عەبدوڵڵا حیجاب» چاودێری سیاسی لە سەر مێژوویی حیزبی دێموکرات بە بەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە پێکهات. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کانادا، پەردە لەسەر یەکەم خولی «کاپی گەلاوێژ» هەڵدرایەوە کە ئەمساڵ بە یەك یاری تۆپی پێ لە نێوان یانەی شارەکانی «سەینت کاترینز» و «لەندەن» بەڕێوەچوو. هەر لەو ڕێورسمەدا یارمەتی ماڵی بۆ خوشك و برایانی ئاوارە و لێقەوماوی ئێزیدی شەنگال کۆکراوەتەوە. لە نێواخنی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکاندا فیلمی دێکۆمێنتاریی پێوەندیدار بە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ، گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کراون. بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکان بۆ شادی و خوشی بەشداران تەرخان کرابوو.

## بوومەلەرەزەی پاریزگای ئیلامی هەژاند

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ناوخۆیی و بیانییەکان ،بوومەلەرەزە پارێزگار ئیلام و پاریزگاکانی لورستان و خوزستانی هەژاند. بەپێی دوایین ئامارەکان، ئەو بوومەلەرەزەیە، ١١٦ میلیار تمەن زیانی ماڵیی بە شارەکانی ئابدانان، موورمووری و دێهلوران و بەتایبەت گوندەکانی ئەو ناوچانە گەیاندووە. ئەو زیان ماڵییانە ڕووی لە زیادبوونە. هەروەها هەتا ئێستا ١٧ هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون زیانیان پێ گەیشتووە و ژمارەی بریندارەکان لەو پارێزگایە، لە ٤١٥ کەس تێپەڕبووە. نەبوونی ستادی پشتیوانی بەڕێوبەریی بەرنگاربوونەوەی ڕووداوەکانی چاوەڕوان نەکراوەکان، نەبوونی توانای بەڕێوبەرایەتی، نەبوونی بنکەی تەندروستی و فریاکەوتنی، ڕەچاونەکردنی ستانداردەکانی بیناسازی، ڕێگەوبانی نائەمن و ناستاندارد، کۆن بوونی بەشەکانی ئاو، بەرق و مخابەرات لە ئیلام، سەرەڕای ئەوەی کە زیانێکی قورسی بە هاووڵاتییانی ئەو شارە گەیاندووە بووەتە هۆی ئەوە کە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی هاووڵاتییانی ئەو پارێزگایی کوردستانی ئێران، دژوارتر ببێت.



## چەندین کەمپەین لەمەڕ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال لە کوردستانی ئێراندا پێکهێنران

پاش هێرشی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) بۆسەر شاری شەنگال و ئاوارەبوونی هاووڵاتییە ئێزدییەکانی ئەو شارە و هەروەها هانا بردنیان بۆ کوێستانەکانی شەنگال، چەندین کەمپەین لە ڕاستای پشتیوانی کردنی ئەو ئاوارە کوردانە لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا پێکهێنران. کەمپەینەکان لەژێر ناوی «شنگال بە تەنیا نییە» و «شەنگال بە تەنیا بەجێ مەهێڵن» بە مەبەستی کۆکردنەوەی هاریکاریی ئاوارە کوردەکانی شنگال، لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئیراندا ڕێخراوە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی، خوراك و جلوبەرگ. خەڵکی بە ئەمەگی کوردستانی ئێران، بە هەستی کوردایەتییەوە، پشتیوانیی و پاڵپشتیی خۆیان لە مەڕ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کوردانی ئیزیی ڕاگەیاند، کە بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە لێیان قەوماوە.

## لە سەڵماس دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کوچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە «بەدیلا عەلی پوور» دایکی شەهید «کەریم دالانحەسار» ناسراو بە کەریم ئار پی چی، بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد. دایە بەدیلا لە ڕۆژی شەهید بوونی کوڕەکەیەوە هەتا ئەمڕۆ خەمی لەدەست دانی کوڕەکەی و دوو برازای شەهیدی لەسەر شان بوو. کەریم دالانحەسار لە نێو خەڵکدا بە کەریم ئار پی چی دەناسرا، بە هۆی ئەوەوە کە یەکەم تانکی ڕێژیم لە دەڤەری ئەنزەل، لە نێوان گوندەکانی حەمام و گولانك بە «ئار پی چی»ی ناوبراو تێکشکێنرا، ئەو نازناوەی پێ بڕا و هەمیشە وەکوو نموونەیەکی پێشمەرگەی قارەمان بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرا. شەهید کەریم دالانحەسار ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی قۆجغ سەربە شارستانی سەڵماس لە دایك بووە و ساڵی ١٣٦٠ لە شوێنێك بە ناوی بڵندۆك شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك وبەشدار دەزانێت.



# پەیامی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٩هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات

هاونیشتمانانی بەڕێز!

بەشداربووانی ئازیز!

ڕێگەم بدەن بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وێڕای سڵاو و ڕێز، پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژووییەتان لێ بکەم. هەر لەم بۆنە پیرۆزەشدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەل و بە تایبەتی شەهیدانی حیزبە تیکۆشەرەکەمان، زیندانییە سیاسییە کۆڵنەدەرەکان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکەمان کە بە خۆڕاگری لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەماندا مایەی بەردەوامیی ئەم ڕێبازە پیرۆزەن.

هاونیشتمانانی بەڕێز!

٦٩ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سە ڕ بناغەی کۆمەڵەی ژ.کاف دامەزرانی خۆی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەیەکی ٨ مادەیی ڕاگەیاند کە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هاوپەیمانیی گەلانی ئێران نێوەڕۆکی ئەو بەرنامە ٨ مادەییەیان پێك دەهێنا. ئەمە یەکەمجار بوو کە لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشیوی گەلەکەماندا حیزبێك بە بەرنامەیەکی ڕوون و پێشکەوتنخوازانە دوورەدیمەنی ئامانجەکانی خۆی دەخستە بەردەم کۆمەڵانی خەڵك و بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بەرنامەیە داوای پشتیوانیی لێ دەکردن.

خۆشك و برایان!

حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە زۆر دەسکەوتی بە نرخی هەبووە و لە هەمان کاتدا تووشی زۆر کارەساتیش بووە. دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنەکەی کورت بوو و تەنیا ماوەی ١١ مانگی خایاند، بەڵام بوو بە هۆی ئەوەی کە گەلەکەمان لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و ئەو ناوچەیە کە کۆماری تێدا دامەزرا، بوو بە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و پێشکەوتن لە سەرانسەری ئێراندا و جێگای هیوا و هومێدی هەموو بەشەکانی کوردستان.

ڕێبەریکردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بە دژی دیکتاتۆریی حەمەڕەزا شا لە سەردەمێکدا کە ئێران بە دورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو دەبرا و ڕێبەرایەتیکردنی بەرگریی ڕەوا و ئازایانەی گەلی کورد لە بەرانبەر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ قەڵاچۆکردنی کورد و دەیان سەرکەوتنی دیکە لە دەسکەوتەکانی ئەم حیزبەن. لە هەمان کاتدا مێژووی حیزبی ئێمە شاهیدی کارەساتی وەك ڕووخانی کۆماری کوردستان، تیرۆری ڕێبەرانی گەورەمان و شەهیدکرانی دەیان هەزار کەس لە کادر و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانیش بووە. بەڵام نە سەرکەوتنەکان و نە کارەساتەکان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕێڕەوی خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دیمۆکراتیکەکانی گەلەکەمان دوور بکەوینەوە و هەموو سەرکەوتن و تێکشکانەکانمان کردوونەتە دەستمایە و ئەزموون بۆ خەباتی حیزبەکەمان. حیزبی ئێمە لە سەرکەوتنەکاندا لە خۆ بایی نەبووە و لە تێکشکانەکانیشدا ناهومێد نەبووە، بەڵکوو کۆڵنەدەرانە و پشت ئەستوور بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕێگای خەباتی بڕیوە.

بەڕێزان!

٣٥ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد دەرکرد و دەستی مۆرە کۆنەپەرست و قین لە دڵەکانی ئاوەڵا کرد تاکوو بە خولقاندنی زۆر جینایەتی سامناك، نەتەوەکەمان چاوترسێن بکەن و بە چۆکیدا بێنن. بەڵام کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لێرە بۆ یادکردنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات نیشانەی شکستی ئەو ئیستراتژییەی ڕێژیم و بەڵێندان بۆ بەردەوام بوونمان لە خەباتە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

هەر وەك دەزانن، لە هەر خولێك لە هەڵبژاردنە ڕواڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەربژێرەکانی سەرکۆماری و دەستوپێوەندییەکانیان بە نانەوەی هەرا و هۆریا و بەڵێنیی درۆیین بە خەڵك وا دەنوێنن کە بە هاتنی ئەم یان ئەو بەربژێر، ئاڵوگۆڕ بە سەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا دێت، لە کاتێکدا کە هەر بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی، هەر چەشنە گۆڕانێك لە دەسەڵاتی بەربژێرەکاندا نییە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك فریوی چەواشەکارییەکانیان دەخۆن و بە هیوای گۆڕینی سیاسەتی سەرکوتکەرانە و داپڵۆسێنەرانەی ڕێژیم دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە هیچ شوێندانەرییەکی ئەرێنییان بە قازانجی خەڵك نەبووە، بەڵکو ئەوە ڕێژیم بووە کە کەڵکی لەم هەڵبژاردنانە وەرگرتووە و لە هەر قۆناغێك لە ژیانی سیاسیی خۆیدا دەستی خستۆتە سەر مۆرەیەکی نێو دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی کە بۆ ئەو هەلومەرجە پێویستی پێ بووە و بە شانۆسازی خەڵکیان پێ فریو داوە ئەگەرنا مێژووی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە هاتنی مۆرە جیاوازەکان هیچی نەگۆڕیوە و لە ڕاستیدا بە گۆڕینی ناو، نێوەڕۆك نەگۆڕاوە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئەوەندە بەسە کە بزانین ئەوەی بە سەر چالاکوانانی سیاسی و فەرهەنگی لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا هاتووە، لە سەردەمی ڕۆحانیدا زیاتریش بووە و لە ئاکامی سیاسەتە فراوانخوازانەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهدا ژیانێکی کڕوکپ و پڕ لە کۆیلەتی و سووکایەتی و ئێش و ئازار بۆ خەڵکی ئێران بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی لە هەوڵەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی بە مەبەستی گەرەنتیکردنی مانەوەی خۆی، لە بەرەبەری خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکەدایە و وتووێژەکانی گرووپی١+٥ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ ئێران هەر وا درێژەی هەیە. ڕێژیم بە گواستنەوەی بەشێکی بەرچاو لە گوشاری گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر شانی خۆیەوە بۆ سەر شانی خەڵك، کاریگەریی کارەساتباری لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵك بە تایبەتی توێژی مامناوەند و هەژار داناوە و ڕۆژبە ڕۆژ خەڵك بەرەو هەژاریی زیاتر دەچن. تازەترین ڕووداوە ئابوورییەکانی چەند مانگی ڕابردوو کە ئاکامی ئەم سیاسەتانەن، بریتی بوون لە:

بڕینی یارانەکان، بەرەوسەر چوونی نرخی حاملەکانی وزە(بەرق و نەوت و گاز) و هەڵاوسان.

بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێژیم، نرخی ئەو حاملە ئینرژییانە٢٥٪زیادی کردووە لە حاڵێکدا کە کاتێك فیشی بەرق و گازیان بۆ خەڵك هێناوەتەوە چوونەسەرەکە زیاتر لە٥٠٪ یش بووە. بڕینی یارانەکانیش شوێندانەریی لە سەر ژیانی خەڵکی هەژار و فەقیر بووە کە بەشێك لە داهاتی ڕۆژانەیان ئەو یارانانە بوون و ئەمە زەمینەی نارەزایەتیی زۆری لە نێو ئەم توێژانە داناوە و لە ئاکامدا خەڵك لە دابینکردنی بژێوی ژیانیان، ناتەوان و دەستەوەستانن.

لە بواری فەرهەنگیدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕیفۆرمخوازەکان لە بواری سیاسەتی مەتبوعاتیدا ناوی((بەرزەخی چاپەمەنییەکان)) یان لەسەر دەوڵەتی بەناو تەدبیر و ئومید(ڕوحانی) داناوە.

## بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات:

وەك ڕابردوو کەشوهەوایەکی ئەمنیەتیی زۆر توند لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێراندا بەردەوامە. گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و سەپاندنی حوکمی زیندان بە بیانووی جۆراوجۆر و بێ‌بناغە هەر وا درێژەی هەیە، ئیعدامکردنەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبن. هەوڵدان بۆ ئاسیمیلەکردنی ناوچە کوردنشینەکان لە ڕێگای بەرنامە تایبەتەکانی تەلەڤیزیۆن و کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگییەکانەوە تا ڕادەی دیاریکردنی خەڵاتی تایبەت بۆ ئەو ئۆرگانانەی کە لەم پێوەندییەدا چالاکترن، بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵ دەدات لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا ئاژاوە و دووبەرەکی بنێتەوە، بە تایبەتی لە پارێزگای ورمێ کە لەم دواییانەدا بە گوشارخستنە سەر کوردەکان بۆ لابردنی ناوی کوردی لە سەر شەقام و دووکان و شوێنە گشتییەکان، پێشگیری لە کڕینی خانووبەرە و تەنانەت نۆژەنکردنەوەی خانووی کوردەکان کە دیارە ئەم گوشارانەش بە هۆی مۆرە بەکرێگیراوە ئازەرییەکانیەوە دەخرێتە سەر کوردەکان و مەبەست لەم سیاسەتەش بەگژیەکدادانی دوو نەتەوەی ستەملێکراوی کورد و تورکە. دیارە بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە چەوت و ئاژاوەگێڕانەیە ئەرکی ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕەکانی هەر دوو نەتەوەیە.

هەرچەند کە ڕێژیم بە چڕی هەوڵی تواندنەوە و کەمڕەنگ‌کردنەوەی شوناسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی مافخوازی کورد دەدات، بەڵام بە خۆشییەوە لەم سیاسەتەدا بە تەواوی شکستی خواردووە و هەڵوێستی لاوان و هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرانبەر بە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان و پشتیوانیی بەربڵاوی ئەوان و هەروەها هەڵوێستی کرماشانییەکان لە کۆنسێرتەکەی شارام نازری لەم شارەدا نموونەیەکی تازەن لە پەرەگرتنی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە نیشانەی شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیمن لەو بارەیەوە.

## باری ئابووریی کوردستانی ڕۆژهەڵات

بەدەر لەو گوشار و گەمارۆیانە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ڕێژیم کەوتۆتە سەر ئێران و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر وەزعی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان هەیە، گەمارۆیەکی دیکەی ئابووری بە هۆی بە ئەمنیەتیکردنی ناوچەکە و سیاسەتی چەوساندنەوە و جیاوازیدانانی نەتەوەیی لە لایەن ڕێژیمەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەگوزاری لەو ناوچانەدایە.

بۆ نموونە لە بوودجەی ساڵی١٣٩٣ی دەوڵەتی ڕۆحانیدا هیچ جۆرە سەرنجێك نەدراوەتە ناوچە بێبەشکراو و پەراوێزکەتووەکان. دابەشکردنی نادادپەروەرانەی بوودجە و تەرخانکردنی بەشێکی هەرە بەرچاوی بوودجەی ئێران بۆ ٩ پارێزگای سەنعەتی کە لە ناوەندی ئێران هەڵکەوتوون، بە بیانووی جێبەجێکردنی بەرنامەی کەلانی ئاوەدانکردنەوە، ئیستراتژیك و دەرامەدزا بەشێك لەو بەرنامە ماڵی، ئیداری و ئابوورییەیە، بە جۆرێك کە پشکی گشتیی پارێزگاکانی کوردستان (ورمێ، سنە، ئیلام، کرماشان) بەلووچستان، خووزستان و ناوچەی تورکمەن سەحرا (بەدەر لە پڕۆژەکانی پیشەسازیی نەوت کە ئەویش هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی خۆجێیی ئەو ناوچانە نیە) ناگاتە بوودجەی یەکێك لە پارێزگا ناوەندییەکان و تەنانەت بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن.

ئەمە بە پێچەوانەی وادە و بەڵێنییەکانی ڕۆحانییە لە پەیوەندی لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازارەکان، کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی، لابردنی هەڵاواردن و جیاوازیدانان، سڕینەوەی هەژاری لە سەر سیمای پارێزگاکانی ناوچە بێبەشکراوەکان (بێجگە لە بەڵێنییەکانی دیکە کە تایبەت بوون بە بوارەکانی مافی مرۆڤ، سیاسی، ئایینی، فەرهەنگی، پەروەردەیی و...) کە ئەمانە هیچکامیان بە شێوەی ڕێژەییش نەهاتوونەتە دی.

بە شێوەیەکی تایبەتی‌تر کە دێینە سەر کوردستان، پشکی کوردستان لەو بوودجەیە بە ڕێژەیەکی زۆر تەرخان کراوە بۆ بەرنامە و پڕۆژە ئەمنی و ئیتلاعاتی و نیزامییەکان و دامودەزگا پێوەندیدارەکان. ئەگەر بوودجەیەکیشیان هەبێت، زۆرتر لە چوارچێوەی بەرنامە و ئیستراتژییە ئەمنیەتیەکەیاندا خەرجی دەکەن کە ئەمەش دەبێتە هۆی وەگەڕخستنی هەوڵ و توواناکانیان بۆ پێشگرتن بە چالاکیی سیاسی و مەدەنی و پێشگرتن لە هەموو جۆرە بزاوتێکی ئازادیخوازی و سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

## لە بواری مافی مرۆڤدا:

لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٣ تا ئێستا زیاتر لە١٥٠ هاووڵاتی بە هۆی جۆراوجۆرەوە بانگهێشت و دەستبەسەر کراون و ٢٢ کەس لە بەندیخانەکاندا لە سێدارە دراون، ١٥ کۆڵبەر کوژراون و ١١یش بریندار بوون و بە هۆی تەقینەوەی مینەوە ١٠ کەس چوونەتە ڕیزی کەمئەندامان.

بەشداربووانی ئازیز!

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕاپەڕینی خەڵك لە سووریە لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، هێرشی داعش بۆ سەر موسڵ و دەستبەسەرداگرتنی چەند پارێزگایەکی سوننەنشین و جێگیربوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچە کوردستانیانە کە دەکەوتنە چوارچێوەی مادەی١٤٠ی دەستووری عێراق و بەردەوام بوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە هەلومەرجێکی نوێی بۆ ئەم سێ بەشەی کوردستان هێناوەتە ئاراوە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان و دووری کردن لە تەکرەوی و خوێندنەوەی ورد و واقعبینانەی ڕووداوەکان هەنگاوێکی گەورە لە ئامانجە نەتەوەییەکانمان نزیکترمان دەکاتەوە. بە پێویستی دەزانم لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا هەڵوێستی ڕێژیمی کۆنەپەرستی و دژەکوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆر جار بە درۆ و چەواشەکارانە فرمێسکی تیمساحی بۆ کوردی عێراق ڕشتووە و لە هەمان کاتدا کوردی ئێرانی بە هەموو پێکهاتە و ئایینزاکانەوە بێڕەحمانە سەرکوت کردووە بخەمە ڕوو تا پتر لە ڕیاکارییەکانی ئەم ڕێژیمە تێ بگەن.

باڵوێزی ئێران لە بەغدا لە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا هەڕەشەی داخستنی سەرسنوورەکانی لەگەڵ کوردستان و تەنانەت هەڕەشەی شەڕکردن شانبەشانی هێزەکانی عێراقی لە دژی هەرێمی کوردستان کرد. لە ڕۆژنامەی «جمهووری ئیسلامی» ڕێکەوتی٢٠١٤/٧/٢١دا دەڵێ کوردی عاقڵ و وشیار و ئامادە نین جیا ببنەوە و هەڕەشە لە بارزانی دەکات و دەڵێت (کوردی عاقڵ یاری بە ئاگری سەربەخۆیی ناکات) لە سۆنگەی ئەم هەلومەرجە نوێیەوە حیزبی ئێمە هەروەك ڕابردوو پشتیوانی بەرەوپێشچوونی خەباتی گەلەکەمان دەبێ لە هەموو بەشەکانیدا هەر ئەرکێك لەو پێوەندییەدا بکەوێتە سەرشانی و لە توانایدا بێت، بە بێ دوودڵی جێبەجێی دەکات.

سیاسەتی حیزبی ئێمە ئەوە بووە کە ڕێکخراوەکانی بەشەکانی کوردستان بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان، ڕێگا و ڕێبازی خۆیان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ڕێك بخەن، بە مەرجێك ئەو سیاسەتە زیان بە قازانج و بەرژەوەندیی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیەنێت کە بە خۆشییەوە حیزبی ئێمە لەم بارەوە زۆر بەرپرسانە جووڵاوەتەوە و لەم پێوەندییەدا سەربەرزین.

سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان، پێمان وایە نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیاندا دەبێ پێداگری لە سەر ئەم مافە ڕەوایە بکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دابینبوونی هەر شکڵێك لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و بڕیاری پێویست لەم پێوەندییەدا دەکەوێتە ئەستۆی دانیشتوانی.

لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستانی باشوور و هەوڵەکانی ناحەزانی گەلەکەمان بۆ تێکدانی سەقامگیریی هیوابەخشی ئەم هەرێمە کە هەڕەشەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانی کوردستان بە تایبەتی هاونیشتمانییە ئێزیدییەکانی دەڤەری شنگال دوایین نموونەی بووە، حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی و بە خوێندنەوەی وردی ڕووداوەکان، هەڵوێستی گرت و ئامادەیی خۆی بۆ هەر جۆرە پشتیوانی و یارمەتییەکی بەکردەوە ڕاگەیاند. لەو پێوەندییەدا ناردنی چەندین یەکەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ بەشداریکردن لە بەرەکانی شەڕی پاراستنی مەوجوودییەتی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان، درێژەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی چەندین دەیە خەباتی حیزبەکەمان و سەلمێنەری ئیرادەی پۆڵایینی حیزبی دێموکرات بۆ درێژەدان بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و گەلەکەمانە و نیشان دەدات کە حیزبی دێموکرات قوتابخانەی شۆڕشە و هەتا سەریش وەك ئاڵاهەڵگری سەربەرزی خەبات و قوربانیدان لە پێناوی بیری

نەتەوایەتـــی لە هەر چـــوار پارچەی نیشتمان دەمێنێتەوە.

دەفتـــەری سیاســـی حیزبـــی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب بۆ بەرەکانی شـــەڕی پاراستنی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان و ئامادەیی کادر و بنەماڵە و ئەندامانی حیزب بۆ بەشـــداربوون لـــە بەرەکانی ئەو بەرگرییـــە ڕەوایـــەدا و هەروەها پشـــتیوانیی بێ درێغـــی کۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، سپاس و پێزانینی خۆی بە هەموو ئەو دڵســـۆزانە ڕادەگەیەنێ و شانازی بە ڕۆحی فیـــداکاری و نەتەوەخوازییان دەکات.

ئامادەبووانی بەڕێز!

حیزبی دێموکرات بۆ گەیشـــتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەر لە ســـەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا سێ ئەرکی لە پێش بووە:

یەکـــەم: ڕێکخســـتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتان و کۆکردنەوەیان لە ژێر ئاڵای حیزبی دێموکرات.

دووەم: گرێدانـــی خەباتـــی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران.

ســـێهەم: هەوڵدان بۆ ڕاکێشـــانی پشـــتیوانیی هێزە ئازادیخـــوازەکان لە سەرانســـەری جیهان و بە نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد.

حیزبەکەمان لە ماوەی تێکۆشانیدا بـــۆ بەجـــێ گەیاندنی ئـــەو ئەرکانە تێکۆشانێکی زۆری بووە و قوربانییەکی زۆری داوە و بەو هۆیەوە ئێستا خاوەن ڕێکخستنێکی پان و بەرین لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە، یەکێك لە بناغەدانەرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ئەندام لە UNPO و ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدایە و لە ئەگەری هەوڵدان بۆ هـــەر ئاڵوگۆڕێك لـــە داهاتووی ئێراندا بە ســـەرنجدان بە جێگە و پێگە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکەی و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە لە لایـــەن زۆربەی هـــەرە زۆری خەڵکی کوردســـتانەوە پشتگیریی لێ دەکـــرێ، دەورێکی کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێت.

لـــە کۆتاییـــدا، بـــە ســـەرنجدان بـــە لەرزۆکیـــی ڕێژیمـــی کۆماری ئیســـلامی و ئەزموونـــی دەوڵەمەند و ڕۆڵی میحوەریـــی حیزبەکەمان لە ڕێکخستن و یەکخستنی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانـــی ئێران و کوردســـتان لە ســـەنگەری خەبات بۆ ڕووخاندنی قەڵای ستەم و چەوسانەوە و بنیاتنانی دواڕۆژێکی ڕوون بۆ کۆمەڵگاکەماندا، بە پێویســـتی دەزانـــم جارێکی دیکە پێداگریـــی حیزبـــی دێموکراتـــی کوردستانی ئێران لە سەر جێگیرکردنی پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانـــی خەباتـــی خۆی، واتە هەوڵدان بۆ دێموکراســـی، مافی چـــارەی خۆنووســـین، مافی مـــرۆڤ، دادپەروەری، پێشـــکەوتن، ئاشـــتی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگای ڕزگارکراوی پاش بـــە چۆکداهێنانی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهدا دووبارە بکەمەوە.

هەروەها بـــە پێویســـتی دەزانم لە ٦٩هەمیـــن ســـاڵیادی دامەزرانـــی حیزبەکەماندا یادی هەموو شـــەهیدە ســـەربەرزەکانمان، بە تایبەتی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی بەرز ڕابگرین و لە گـــەڵ ئارمانجـــە پیرۆزەکانیان پەیمان نوێ بکەینەوە و موژدەیان پێ بدەین کـــە ڕۆڵەکانی ئەمڕۆی حیزبە شۆڕشـــگێڕەکەمان تا گەیشـــتن بە لووتکەکانی ســـەرکەوتنی یەکجاری و گەیشتن بە ئاواتەکانی ئەوان و هەموو تاکێکی مافخوازی کورد و کوردستان لە ســـەنگەری بەرگری و تێکۆشاندا دەمێننەوە.

شـــکۆدار بێـــت ٢٥ی گەلاوێـــژ، ٦٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بڕووخـــێ قـــەڵای تێرۆریـــزم، دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بەردەوام بێت برایەتی و پێکەوەژیانی گەلان

ســـەرکەوتن بـــۆ خەباتـــی ڕزگاریخوازانەی کورد و کوردستان.



# فەرمانی جیهادی خومەینی و مێژوویەک لە قوربانیدان

**هیوا میرزایی**

دێموکرات بوون و ویستی نەتەوەیی و داخوازە مرۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردســـتانی ئێران بۆ ڕێژیمی دواکەوتوو و دژی دێموکراسی خومەینی، ڕێگربوون لەوەیکە دەســـەڵاتی نوێ بە مەبەســـتە دژە مرۆییەکانی خۆی بگا. بە تایبەت کە بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ڕەوایدان بە هاتنە ســـەرکاری کۆماری ئیســـلامی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران و گەلـــی کورد و هەروەهـــا داواکاریـــی و خەباتی هەمە لایەنەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشـــتن بە مافـــە ڕەوا و مرۆییەکانـــی و نەچوونە ژێر هێژمونی ئاخوندە تازە بەدەســـەڵات گەیشـــتووەکان لە ئێران بـــوون بە هۆی ئـــەوەی کە خومەینـــی وەك گەورەترین کەســـایەتی ئایینی و سیاسی کۆماری ئیســـلامی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فەرمانێك جیهاد لە دژی کورد ڕابگەیێنێت. جیهادێـــك کە ئاکامەکەی بوو بە مێژوویەك لە خوێن و قوربانیدانی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

«لە ڕوانگەی موسڵمانەکانەوە جیهاد ئامانجگەلێکـــی پیـــرۆزی هەیە وەك نەهێشـــتنی کافر، خەبات لە دژی تاوان و تاوانکاران، پارێزگاری لە ئیســـلام و سنوورەکان کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم ئامانجانە دەبنە هۆی پیرۆزی ئەم جۆرە شەڕە لەگەڵ شەڕەکانی دیکەدا». ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی هەرە زۆری کورد لە کوردستانی ئێران لە بواری ئایینییەوە موسڵمانن و بە درێژایی مێژووی ئایینی ئیســـلام گەورەترین خزمەتیان بەم ئایینە کردووە و جیهاد لە دژی کەسانێك دەدرێ کە بە کردەوە موســـڵمان نین و لە هەوڵی خەوشـــدارکردنی ئیســـلامن و ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی خومەینی هەم لە سەردەمی سیستمی پاشایەتی و هەمیش لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بەردەوام ئەم ڕێژیمانەی بە کافر و دژە دین دەشـــوبهاند بەڵام هیچکات فتـــوای جیهـــادی بـــۆ ئـــەو لایەنانە دەرنەکرد.

جیهادەکـــەی خومەینـــی لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ی هەتاوی جیا لە لایەنە ئایینیەکەی زۆرتر بۆ سەقامگیرکردنی سیســـتمی ویلایەتی فەقیهـــی بوو و بـــۆ ســـەقامگیرکردنی ئەم سیســـتمە کۆنەپەرەستانەیە، پاســـدارانی کلیل لە ملی کۆماری ئیســـلامی هێرشـــێکی بێ بەزەییانەیان کردە ســـەر کوردستان. کوردســـتانێك کە ببووە قەلای بەرخودان و مافویستی.

٣٥ ســـاڵ پـــاش فتـــوای جیهادی خومەینـــی ئێســـتاکەیش ئاســـەواری ئـــەو فتوایە هەر لە کوردســـتان ماوە و کاربەدەستان و بەرپرسە باڵاکانی ڕێژیم هەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری کوردستان دەکەن. بارودۆخی ئابووری خراپی کوردســـتان، دەسبەسەرکردن و ئێعدامی خەباتگێڕان، بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان، پەرەپێدان و هاوردەکردنی کەرەستە و دامەزراندنی ئەو شـــوێنانەی کە ماددە سڕکەرەکانی تێدا بەرهەم دێن، تەنیا بەشێکی چووکەن لەو پێشـــێلکاری و تاوانانەی کە دژی نەتەوەی کورد ئێســـتاکە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچن.

فتوای خومەینـــی هەرچەندە بوو بە هـــۆی ئاوارەیی و قوربانیـــدان و وێران بوونی دەیـــان گوند و شـــار، بەڵام لە هەمانکاتدا مێژوویەکی پڕ لە شـــانازی و خەبات و فیداکاری و خۆنەویستی بۆ ڕۆڵەکانی کورد تۆمار کرد. خەباتێك کە تاهەنووکەش درێژەی هەیە و تا گەیشتن بە هەموو ئامانـــج و داواکارییەکانی لە تێکۆشان ناوەستێ.



# ئەمجارە خەڵک سەرکۆماری هەڵبژارد

**شەهاب خالیدی**

ڕۆژی ١٠ی ئوت، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری تورکیە، خەڵکی تورکیە ڕوویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد بۆ ئەوەی کە سەرکۆماری خۆیان هەڵبژێرن. لەو هەڵبژاردنەدا ئەردۆغان کاندیـــدی پارتـــی دەســـەڵاتدار واتە AKP، توانی بە بەدەســـتهێنانی نزیك بە ٥٢٪ی دەنگەکان ببێتە دوازدەهەمین ســـەرکۆماری تورکیە. تا ئەو کاتیش هەمـــوو ســـەرکۆمارەکانی تورکیە لە لایەن پارلەمانەوە هەڵدەبژێران و تا بەر لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن AKPەوە، زۆربەی ســـەرکۆمارەکانی تورکیە لە جێگای ئەوەی کە لە خزمەتی خەڵکدا بن و لە بەرانبەر ئەواندا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن، بە داخەوە زیاتر لە خزمەتی دەوڵەت و دەزگای سەرکوت و تیرۆر و توندوتیژی و ئاســـیمیلەکردنی نەتەوەکانـــی غەیری تورك لەو وڵاتەدا بوون.

لـــە ڕاســـتیدا ئەو ســـەرکەوتنە بۆ ئەردۆغـــان و حیزبەکەی زۆر گرینگ بـــوو، چونکـــە هـــەم ناوبـــراو توانی بەرزترین پۆستی وڵاتەکەی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکـــی ئازاد و دیمۆکراتیکەوە بۆ خۆی مســـۆگەر بکات و هەمیش ســـەرەڕای خۆپێشـــاندانەکانی پارکی «گـــەزی» و تۆمەتبارکردنـــی بەرپرســـانی پایەبـــەرزی AKP بـــە گەندەڵیی ئابـــووری و قووڵتربوونەوەی کێشـــەکانی نێوان ئەردۆغان و گولەن، دیســـانەکەش دەرکەوت کەAKP هەر پارتـــی یەکەمە. ئەمەش بێگۆمان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە زۆربەی خەڵکی تورکیـــە لەگەڵ گەشـــەی ئابووریی وڵات و لە گەڵ پێڤاژۆی ئاشتی لەو وڵاتەدان و بیروهزری پێکەوە ژیانی بە ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی، زاڵە بە سەر کۆمەڵگای ئازاد و دێموکراتیکی تورکیەدا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ AKP لـــە داهاتـــوودا بە بەیاســـایی کردنی پێڤاژۆی ئاشتی و هەڵگرتنی هەنگاوی بە کردەوە لەو ڕاســـتایەدا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر جێگا بە وتاری پارتە خاوەن ڕابردوو و شکســـت خواردووەکانی وەك MHP و CHP لێژ بکات.

لـــە لایەکـــی دی‌کەوشـــەوە بەدەستهێنانی نزیك بە ١٠٪ دەنگەکان لـــە لایەن دەمیرتاشـــەوە، (کە لە چاو هەڵبژاردنـــی پێشـــوو ٣٪ زیـــادی کردووە) ئەوە دەســـەلمێنێ کە لەگەڵ دیمۆکراتیزەتربوونـــی کۆمەڵـــگای تورکیـــە، تاکی کوردیش بـــڕوای بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە زیاتر بووە و هەر بۆیەش هەوڵ دەدەن کە بـــە کەڵکوەرگرتن لەو هەلومەرجـــە دێموکراتیکـــە، لە هەر هەڵبژاردنێـــك زیاتر لـــە هەڵبژاردنی ڕابردوو بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و پێویستیی چارەسەریی پرسی کورد دەنگ بە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بدەن.

بـــێ گومان ئەگـــەرAKP بتوانێ لەمـــەودا هەنـــگاوی بە کـــردەوە بۆ چارەسەریی پرســـی کورد لەو وڵاتەدا هەڵگرێ و وەها تەنگ بە برەوپێدەرانی بیروهزری فاشیستی و نەژادپەرەستی لەو وڵاتەدا هەڵچنێ، کە نەتوانن درز بخەنە نێو دیواری پتەوی دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی گەلانی ئەو وڵاتە، ئـــەوا لە داهاتـــوودا هەر پارتی یەکـــەم دەبێ و گەلی کوردیش هەنگاو بە هەنگاو بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی نزیك و نزیکتر دەبێتەوە و تورکیاش ســـەقامگیری و تەناهی و ئاسایشـــی ڕاســـتەقینە بە خۆیەوە دەبینێ.

ڕۆژەڤ

## عێراق و حکوومەتی ئیسلامی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپـــەڕی «ئێکۆنۆمیســـت» وتارێکـــی لە ژێر نـــاوی «عێراق و حکوومەتی ئیسلامی، ڕووبەڕووبوونەوە لەگـــەڵ دوژمنەکـــە» بـــە قەڵەمی دەستەی نووسەرانی خۆی بڵاو کردەوە. لە پاراگرافی ســـەرەتادا نووســـراوە: «لە جوونـــدا کاتێـــك توندڕەوەکانی حکوومەتـــی ئیســـلامی دەســـتیان بەسەری شاری موسڵی عێراقدا گرت و ڕێگەی باشـــوور بەرەو بەغدایان بە خێرایی گرتەبەر، کوردەکان لە باکوور بـــە خۆشـــحاڵییەوە پەرچەکرداریان لە بەرامبـــەری نواند. ئەوان عاشـــقی داعش نیـــن، گرووپێك کـــە لە دڵی ئەلقاعیدە لە عێراق گەورە بوو و دواتر لە ســـووریە سەریهەڵدایەوە و ئێستایش لە هەر دوو وڵاتەکەدا چالاکی هەیە. لە ڕاستیدا داعش بە تەواوی بێزراو و ملهوڕە و پێویســـت بە وتنیش ناکات کە ئەوەندە شێتی دەسەڵاتە کە تەنانەت ئەلقاعیدەیش لەو بارەوە پێی ناگاتەوە. بەڵام کوردەکان سەرکەوتنی داعشیان بە زەبرێکی گورچبڕ لە نووری مالکی، ســـەرۆك وەزیرانی شـــێعە دەبینی. وە ئەگەر شەڕ لەگەڵ داعش، عێراق لە باری سێکتاریســـتییەوە دابەش بکات، ئەوا کوردســـتانی نیوەخودموختار بە ئاواتی لەمێژینەی سەربەخۆیی خۆی دەگات.»

نووسەر دواتر باسی هێرشی داعش بۆ سەر پێشمەرگە، گۆڕینی بارودۆخەکە بە زیانی هەرێمی کوردستان، شێوازی هێرشی داعش و دروستبوونی مەترسی لەســـەر هەولێر و هەروەهـــا کوژران و ئاوارەبوونی تراژیکی مەســـیحییەکان و ئێزدیەییەکانی ناوچەکانی شەنگال و گوێر و مەخموور دەکات.

نووســـەر دواتر دێتە ســـەر باسی هێرشی ئاسمانی ئەمریکا و پێی وایە ئۆپەراسیۆنەکە بەقەدەر پێویست بەرین نییە. دواتر چەنـــد پاراگراف بۆ ئەوە تەرخان دەکات کە شێعەکان، کوردەکان، ســـوننییەکان و ڕۆژئاواییـــەکان کێ بە تاوانباری ســـەرهەڵدانی هێزێکی وەك داعش دەزانـــن کە لە هەموویاندا ناوی کەسێك دووپات دەبێتەوە، ئەویش مالکی، ســـەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقە.

نووسەر دواتر باسی لەخەوڕابوونی عێراقییەکان، هاتنەسەرکاری سەرۆك وەزیری نوێ لە بەغداد و هاوپەیمانی بەغدا و هەولێر دژی داعش دەکات.

نووسەر پێی وایە: «باس و موناقشە لەســـەر دروســـتکردنی عێراقێکـــی فێدراڵتر کە دەسەڵاتی زیاتری هەبێ، بە پێویست دێتەبەرچاو».

نووســـەر لە بەشـــێکی دیکەدا بە ئاماژە بەوە کە «ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە تەنیا ســـوننییەکانی عێراق دەتوانن ڕیشـــەی توندڕەوەکان دەربێنـــن»، باســـی ئـــەوە دەکات کە ئەلقاعیدە لە عێـــراق بە هۆی هێزی سەحوە شکســـتی خوارد کە ئەمریکا بـــۆ بنبڕکردنی ئەلقاعیـــدە لە عێراق یارمەتی ماڵـــی دەکرد، بەڵام مالکی پاش پاشەکشەی ئەمریکا، پارەکەیانی بڕی و دواتریش باسی ئەوە دەکات کە زۆربـــەی گرووپە توندڕەوەکان دژی داعشـــن، مەگەر بەشـــار ئەسەد لە ســـووریە کە «بە زۆری ڕێگەی بەو گرووپە داوە لـــە گۆڕەپانەکەدا بێ و لەو پێناوەدا کەڵکـــی لێوەرگرتووە کە نیشـــانی بدا ئەگەر بکـــەوێ، چی بەدوایدا دێ».

نووســـەر لە کۆتاییدا دەنووســـێ: «داهاتـــووی عێـــراق بـــە زۆری بەســـتراوەتەوە بە پەرەسەندن لە بەغدا، ئەگـــەر پێشـــکەوتنێك نەیێتەئاراوە، شتەیەك کەمتر لە کارەسات پێشبینی ناکرێ».

سەرچاوە: economist.com

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

# لە چیاکانی زاگرۆسەوە

شەریف فەلاح

پێشەکی:

بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگیی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٦٨ ساڵی ڕابردوودا بۆ دەستەبەربوونی مافە ڕەواکانی لە هەموو شێوازێکی ڕەوای خەبات و بەرەنگاریی نەتەوەیی وەکوو: سیاسی، دیپلۆماسی، خەباتی چەکداری و پارتیزانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەم خەباتە نەتەوەییە و ئەم بزاوتە سیاسییە کە هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە هەوراز و نشێو و تەنگ و چەڵەمەی زۆری هاتۆتە سەرڕێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نرخ و قوربانیی زۆری داوە. شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتر فەرمانی جیهادی خومەینی بەدژی نەتەوەی کورد، هەروەها شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر خەڵکی کورد و لایەن و هێزە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین ڕووداو و پرسی سیاسیی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆرن ئەو کاراکتەرە سیاسی و نیزامییە ڕۆڵگێڕ و پێشەنگانەی کە بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و بە کردەوە هاتوونەتە مەیدانی سیاسی و شەڕی چەکدارییەوە و هەرکام بە نۆرەی خۆیان لەم پێناوەدا دەور و ڕۆڵی کارایان گێڕاوە. مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکرات لێوانلێوە لەم کەسە شۆڕشگێڕ و لەخۆبردوانە کە بەداخەوە بەشێکیان شەهید بوون و چوونەتە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە و بەشێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتن و بەشێکیشیان هێشتا لە مەیدانی خەباتدان و لە کاروانی نەپساوەی خەبات و بەرەنگاریدان.

قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیی هەرکام لەم کاراکتەرە خەباتگێڕە سیاسی و سەربازییانە تەژییە لە داستان، حیماسەی لەخۆبردوویی و قارەمانەتی و قوربانیدان، نووسینەوەی ئەو بڕگە و زەمەنە مێژووییانە و تۆمارکردنەوەیان وەك خۆی بەپێی مێتۆدەکانی نووسین و ژانری ئەدەبیی «بیرەوەری و یاداشت» یەکێك لە ئەرك و پێویستییەکانی ئەمڕۆی ئەو کاراکتەرانەیە بۆ ئەوەی مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کورد پوختەتر بکرێت و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو بیانکەنە سەرباشقە و بیکەنە سەرچاوەی زانیاری و دەرسیان لێوەربگرن. دیارە نووسینەوەی بیرەوەریی و یاداشتە کەسییەکان و خوێندنەوە و ڕوانگەی تایبەتی کاراکتەرەکان لە بارودۆخی سەخت و ئەستەمی خەباتی چەکداریدا پرسێکی نەگونج بووە، بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بوونی دەرفەتی لەبار و ئیمکانات و پێداویستیی گونجاو ئەوە دەخوازێت هەرکەسەو بەپێی توانای خۆیان دەست بدەنە ئەم کارە بەنرخە و بە چاك و خراپ ئەو چرکەساتە مێژووییانە وەك خۆیان بنووسینەوە و تۆماریان بکەن.

یەك لەو کتێبانەی کە لەبارەی ئەم پرس و مژارە گرنگەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کتێبی «لە چیاکانی زاگرۆسەوە»یە لە نووسینی بەڕێز کاك تەیموو مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردسانی ئێرانە کە وەك خۆی لە پێشەکیی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێداوە، تەوەر و مژاری ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧ەوە دەست پێدەکات و هەتا ساڵی ١٣٧٠ی خایاندووە کە هەڵگری زۆر باس و خوێندنەوەی جۆراوجۆرە. ئەم کتێبە هەرچەند ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرفەتی لەبار، من هاوینی ساڵی ١٣٩٣ بە وردی خوێندمەوە، بەڵام وەك کورد دەڵێ «ماسی هەرکاتێ لە ئاو بیگری، هەر تازەیە» لە کۆتاییدا ویستم بەم کورتە نووسینە بایەخ و نرخی ئەم کتێبە و ئەم جۆرە نووسینانە زیاتر بۆ خوێنەر بخەمەڕوو.

### ئامانج و گرنگیی ئەم بابەتە:

بە نووسینی ئەم بابەتە نامەوێ تاریفی نووسینەکەی کاك تەیموو و خۆی بکەم، چونکە بەڕێزیان پێویستیان بەم جۆرە تاریفانە نییە و کەسایەتی و هەڵوێستی ڕابردووی سیاسییان دەربڕی هەموو شتێکە و نە دەشمهەوێ، لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە ڕوانگە و بۆچوونی خۆم دەربڕم، چونکە بۆ ڕەخنەگرتن لەم جۆرە نووسینانە کەسی ڕەخنەگر دەبێ خۆی بە کردەوە لە مەیدانی ڕووداوەکاندا ئامادە بووبێت و هێندە بەڵگە و داتای ڕاستی بەدەستەوە بێت هەتا ڕاستیی ڕووداوەکان بخاتەڕوو. بۆیە هەروەك باسم کرد جۆر و شێوازی نووسینی ئەم جۆرە بابەتانە و ناوەرۆك و هەوێنی بابەتی کتێبەکە لەم هەلومەرجەی خەباتدا تەوەری ئەم نووسینەیە و لە چەند بەش و بڕگەیەکدا بە جیا ڕوانگە و بۆچوونی خۆمیان لەبارەوە دەنووسم، هیوادارم گرنگیی نووسینی مێژووی سیاسی و سەردەمی خەباتی چەکداریی حیزب و بزووتنەوەی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە خەمێکی تری ئەندامە لەمێژینە و کاراکتەرە ڕۆڵگێڕەکانی حیزبی دێموکرات.

### ڕوانگەی واقیعبینی:

یەك لە تایبەتمەندییەکانی کتێبی «لە چیاکانی زاگرۆسەوە» ڕەهەندی واقیعبینی و خۆبواردنە لە درێژدادڕی و خەون و خەیاڵی بڵیندپەروازانە و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو پەروەدە سیاسی و دروستەی کە حیزبی دێموکرات کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی پێ بارهێناوە کە زۆرێك لە کردەوە و کردار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیان لەسەر بنەمای واقیعە و پێشبینی و خوێندنەوەکانیان وەك زۆرێك لە سیاسەتەکانی حیزب ڕاست دەردەچێت. ئاراستەی نووسینی کاك تەیمووریش لەم بیرەوەرییانەدا وەك خۆی دەڵێ تەنیا بیرەوەریی و سەربوردەی خۆی نییە و وەك زۆر کەس خۆی نەکردووە بە قارەمانی سەرەکیی ڕووداو و پێشهات و دەسکەوتەکان و دەورووبەریشی لەبیر بکات، بەڵکوو ئەوەی من لە نێواخنی ئەم کتێبەدا بۆم دەرکەوت بەشی زۆری باسی قارەمانەتیی، دەورگێڕان و قارەمانانی سەرەکیی حیماسەکان، واتە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دەکات، کە ئەمە بۆ خۆی دەرواتە خانەی نووسینەوەی مێژووەوە کە من بە بەشێك لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەزانم لە ماوەی ١٣ ساڵ لە قۆناغە سەخت و دژوارەکانی تەمەنی خەباتی حیزبدا، چونکە هیچکام لە باس و بەسەرهات و ڕووداوەکان و تەنانەت بۆچوون و لێکدانەوە سیاسییەکانیشی لە دەرەوەی سیاسەت و هێڵە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتەوە نین و سەرلەبەریان هەڵێنجراوی ڕێبازی دێمۆکرات و ڕێبازی شەهیدانی ڕێبەرن.

### زانیاریی بەنرخ:

هەروەك خەسڵەتەکانی نووسینەوەی ژانری یادداشت و بیرەوەری کە دەبێ ڕووداو و واقیع، شوێن، کات و کاراکتەرەکان ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، لەم نووسینەشدا نووسەر بەبێ ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆی ئەدەبیی لەبارەی ژانری چیرۆك و گێڕانەوە و ڕۆمانەوە هەبێت، بە زمانێکی سادە و زارەکی و خۆماڵی ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە و زۆر جار دەقی قسەی کاراکتەرەکانی وەك خۆیان گێڕاوەتەوە کە ئەمە خاڵێکی بەهێزە. لە زۆربەی ڕووداو، عەمەلیات، کەمین و ڕووداوی کتوپڕ و شەڕی پارتیزانیدا هەمیشە هەلومەرجی پێش ڕووداو، هەڵکەوتی جوغرافیایی، شوێن و کات و کاراکتەرەکانی چەقی سەرەکیی نووسینەوەکانن. ئەم نووسینە لانیکەم بۆ من پڕ بوو لە زانیاریی بەنرخ لەبارەی شوێن، ئەندام و لایەنگرانی حیزب و بەتایبەت لەبارەی ژیان و کەسایەتیی شەهیدە قارەمانەکانی حیزب. بەستنەوە و زنجیرەیی بوونی ڕووداوەکان بە یەکترەوە و بوونی زانیاریی بەنرخ و قسەی خۆش و پێکەنین و باس کردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی کەسێتی و کاراکتەری ڕووداوەکان وایان کردووە خوێنەر وەڕەز نەبێت و بەدوای خۆیدا پەلکێشی بکات هەتا لە خوێندنەوە نەبێتەوە. هەروەك نووسەر لە کۆتایی بەشێك لە بیرەوەرییەکاندا ئاماژەی پێکردووە کە ئەو ڕووداوە، یان کۆبوونەوە و شەڕ و بەرەنگارییە قارەمانانەیە بە کامیرای حیزب وێنەیان هەڵگیراوە و لە ئەرشیڤی حیزبدا پارێزراون، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانە کە خوازیاری بەرهەمی دیکیۆمێنتارین، با لەسەر بنەمای ئەم دەقانە و ئەو وێنانە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ.

### ڕاستگۆیی:

ئەوەندەی من مێژووی حیزبم خوێندبێتەوە، یان لە ئەندامانی حیزبم بیستبێت و هەروەها چەند کتێبی دیکەم لەم بارەوە خوێندۆتەوە، زۆربەی زۆری ڕووداو و پێشهاتەکانی ناو کتێبی «لە چیاکانی زاگرۆسەوە» پڕن لە ڕاستگۆیی نووسەر و بەبێ پێداهەڵگوتن و بێ کەم و زیاد وەك خۆی گێڕاونیەتییەوە و تەنانەت هەندێ جار هەڵەی سیاسی و چەواشەکاریی خەڵکانی هەلپەرستیشی ڕاست کردۆتەوە. باسی هەرکەسێکی کردبێت خۆی لە سووکایەتی و بێحورمەتیی بەرانبەر بواردووە و تەنانەت ئەگەر مەسەلەکەش بە زەرەی خۆی بووبێت، قەت هەوڵی نەداوە ئەسڵی مەسەلە و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان بگۆڕێت و هەوڵی شێواندنی هیچ پرسێکی نەداوە کە ئەمە ئاراستە و هەوێنی نووسینی ژانری نووسینەوەی بیرەوەرییە کە بەپێی ڕووداو و واقیع دەنووسرێت. خاڵێکی بەرجەستەی کتێبی «لە چیاکانی زاگرۆسەوە» ئەوەیە کە نووسەر هیچ هەوڵێکی نەداوە لەخۆڕا خۆی بکاتە قارەمان و بۆ شاردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی درۆ دابتاشێ و خەیاڵبافی بکات و لە هەر کوێیەك هەڵەی تاکتیکی و سیاسیی کردبێت، یان لە هەڵوێست و کردەوەیەکیدا بەلاڕێدا چووبێت، بەوپەڕی جەسارەت و بوێرییەوە دانی بە هەڵەکەیدا ناوە و کەسی لەخۆڕا تاوانبار نەکردووە. کە ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کاك تەیموور و پێم وایە خاڵی سەرکەوتنیەتی کە لە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێت. لە دووتۆی ئەم کتێبەدا بۆم دەرکەوت کە کاك تەیموور هەرچەند زۆر جار تەرح و گەڵاڵەی بەجێ و سەربازییانەی بۆ عەمەلیات و شەڕی پارتیزانی دارشتووە و تێیدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام هیچکات بەخۆیدا هەڵنەگوتووە و دانی بەوەدا نەناوە کە نیزامیکارێکی بە ئەزموونە و هەردەم هەوڵی داوە لەباتی ئەوەی وەك فەرماندەیەك بیناسن، وەك بەرپرسێکی سیاسی بیناسن و ئەمەش ڕاستییەکی تری ناو کتێبەکە و لە لێکدانەوە سیاسییەکانیدا ئەم مەسەلەیە دەسەلمێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەروەردەی سیاسی و ئەخلاقیی حیزبی دێموکرات و دیاریکردنی کادرەکانی بۆ بەپرسی ناوچە هەستیارەکانی کوردستان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە.

تەنیا خاڵێك کە هەست دەکەم کە کاك تەیموور لە نووسینی ئەو بیرەوەرییانەدا بە قازانجی خۆی هەوڵی داوە بینووسێت، ئەوەیە کە ئەگەر بۆچوون یان قسەی کەسێك بە نیسبەت خۆیەوە ڕاست نەبووبێت، هەوڵی داوە تەنانەت لەدووتوێی لاپەڕە و ڕوووداوەکانی تردا بیهێنێتەوە بەرباس و ڕاست بوونی قسە و بۆچوونەکەی خۆی بۆ ئەو کەسە سەلماندووە و هەست دەکەم زۆر لەم بارەوە پێداگریی کردووە.

کۆتایی:

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، هەروەك لە سەرەتاشدا وتم، مەبەستی من لەم نووسینە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە نەبوو، دەنا لە بواری زمانەوانی، ڕێزمان و ڕێنووس و بەتایبەت شێوازی داڕشتنی کوردیی ئەم کتێبە تێبینی و سەرنجم زۆرە و لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە و دەیهێڵمەوە بۆ دەرفەتێکی تر. باس کردنی ئەو خاڵانە یارمەتی و هانی ئەوە دەدەن کە هاوتەمەن و هاوخەباتەکانی کاك تەیموور لە نووسینەوەی بیرەوەری و سەربوردەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری قۆڵی لێ هەڵماڵن و هەتا تەمەن و ژیان مەودایان پێدەدات بیاننووسنەوە، بەڵکوو لایەنە نادیار و نەنووسراوەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبەکەمان ڕوون ببێتەوە. با ئەم هەلە زێڕینە بقۆزنەوە و بیکەنە پێشبڕکێ و بە نووسینەوەی سەربوردە و بیرەوەرییەکانیان نەوەکانی داهاتوو لە دوێنێ و ئەمڕو بێبەش نەکەن. پێشنیار دەکەم بەیانی دێرە و هەر ئەمڕۆ دەست بدەنە قەڵەم و خۆیان بکەنەوە قارەمان و کاراکتەری دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی و حیماسەکانیان بهێننە سەر کاغەز و با تەنیا لە خەیاڵدانی خۆیاندا نەمێننەوە و ئەو خەونانەیان بکەنە واقیع با هەموو لایەك بەهرەیان لێ ببەن.

دەست خۆشانە لە کاك تەیموور دەکەم و ئاواتەخوازم ٢٣ ساڵەی ڕابردووی ژیانی سیاسیی خۆی و حیزبەکەمان کە قۆناغێکی تری خەبات و لە هەلومەرج و شوێنی دیکەی کوردستان دایە بنووسێتەوە.





# «پارکینسۆن»، ڕازی خۆکوژیی ڕابین ویلیامز بوو

● و: سمایل ڕەحمانی

ڕازی خۆکوژیی ڕابین ویلیامز، براوەی خەڵاتی ئوسکار لە زاری ژنەکەیەوە بڵاو کرایەوە. بە وتەی هاوسەرەکەی، ئەو تووشی نەخۆشیی «شەپلە» ببوو، بەڵام نەیدەویست ئەم مەسەلەیە ئاشکرا بێ. ویلیامز لە سەرەتای نەخۆشیەکەیدا بوو و تووشی خەمۆکی ببوو.

ڕابین ویلیامز ئەکتەری کۆمێدی بە ناوبانگی ئامریکایی بە وتەی خێزانی تووشی نەخۆشی پارکینسۆن ببوو. سووزان ئیشنایدێری هاوسەری دەڵێ: «ویلیامز لە سەرەتای نەخۆشیەکەیدا بوو و لە خەمۆکی و دڵەڕاوکێی ئەو نەخۆشیە ئازاری دەچێشت. ئەو لەمێژ بوو بەکارهێنانی مادەی هۆشبەری وەلا نابوو و لەگەڵ خەمۆکی بەربەرەکانێی دەکرد. ویلیامز لەگەڵ ئەوەی کە خەڵاتی ئوسکاریشی بردبووەوە، بەڵام هێشتا ئەو ئامادەییەی تێدا نەبوو تا نەخۆشیەکەی بدرکێنێت.

نەخۆشیی پارکینسۆن جۆرێك تێکچوونی کۆئەندامی دەمارە کە بە شێوەی ئاسایی لە کەسانی بەساڵاچوودا بەربڵاوە.

کەسی توشبوو بە نەخۆشیی پارکینسۆن،خانە دەمارییەکانی بە هۆی تێپەڕبوونی کات دەمرن و لە ئاکامدا نەخۆش کۆنترۆڵی ئەندامانی جەستەی لە دەست دەدا. لەرە و لەرزینی دەست و پا، هیواش بوونەوەی جوڵەکان و سەختی و وشك بوونی جەستە و نەبوونی هاوسەنگی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم نەخۆشیەیە.

ویلیامز کۆمێدیەنێکی ناسراو بۆ هەموو سەردەمەکان بوو. ئیجرا تاك پێرسۆناژەکانی ئەو پڕ لە نوێسازی، فیکرە خوڵقێنەرە کوتوپڕەکانی تایبەت بە خۆی بوو.

ئەو باوکی سێ منداڵ بوو و ماوەیەکی زۆر بوو بە دەس خەمۆکییەوە ئازاری دەچێشت.

ویلیامز پێشتر گیرۆدەی مادە سرکەرەکان و مەشروبات ببوو و لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەی کردبوو.

سۆزان ئیشنایدێر هاوسەری سێهەمی، مەرگی ئەم ئەستێرەی هالیوود وەکوو درامایەك باس دەکات. ئەو دەڵێ : «ئەو دەیهەویست یارمەتی خەڵك بکات و هەمیشە دەیهەویست بە کارەکانی پێکەنین بێنێتە سەر لێوی خەڵك. ویلیامز بەشی زۆری تەمەنی خۆی بۆ هاوکاری خەڵك تەرخان کردبوو. ئەو هەموو کات داوای لە ئێمە دەکرد کە شاد بین و لە هیچ شتێك نەترسین. بێجگە لەو سێ منداڵە، ئەو میراتێکی گەورەی بۆ ئێمە بە جێهێشت کە»شاد بوون»ە.

ئیشنایدێر هیوادارە دوای مردنە دراماتیکەکەی ڕابین ویلیامز، کەسانی دیکەی تووش بوو بەو نەخۆشییە، بتوانن باری دەروونییان بەهێز بکەن و بە سەر ئەو نەخۆشیەدا زاڵ بن.

ڕابین ویلیامز دوشەممەی رابردوو ١٢ی ئوت لە تەمەنی ٦٣ ساڵاندا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بە وتەی پۆلیس ئەم کۆمێدیینە خۆشەویستە لە ماڵکەی خۆی لە کالیفۆرنیا خۆی هەڵواسیوە. مەرگی ئەم ئەستێرەی هالیوود دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبوو.

# ئەستێرەی ژیانی «سیمین بێهبەهانی»یش کشا



● و: کوردستان

سیمین خەلیلی، ناسراو بە سیمین بێهبەهانی نووسەر و غەزەل نووسی هاوچەرخی ئێرانییە. ناوبراو بە هۆی هۆنینەوەی غەزەلی فارسی لە کێشە بێ‌مێژینەکاندا بە «نیمای غەزەل» بەناوبانگ بوو.

سیمین خەلیلی ناسراو بە سیمین بێهبەهانی کچی عەباس، لە دایکبووی ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٠٦ی هەتاوی لە شاری تارانە. سیمین بێهبەهانی لە ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ حەسەن بێهبەهانی ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و زیاتر بە ناوی بنەماڵەیی هاوسەرەکەیەوە دەناسرێتەوە. سیمین ساڵی ١٣٣٠ وەك مامۆستا دەستی بەکار کرد. ناوبراو لە ساڵی ١٣٣٧ لە زانکۆی یاسا وەرگیرا و هاوکات دەرەجەی پێویستیشی بۆ خوێندنی زانکۆی ئەدەبیات هێنابووەوە. سیمین ساڵی ١٣٤٩ لە حەسەن بێهبەهانی جیابووەوە و لە هەمان ساڵدا لەگەڵ مەنوچێهر کوشیار کە لە سەردەمی خوێندکاریدا لەگەڵی ئاشنا ببوو، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا.

ئەو بۆ ساڵانێکی زۆر لە سیستمی پەروەردەدا، ماموستایەتی کرد، بێهبەهانی بۆ ماوەی سی ساڵ لە ساڵی ١٣٣٠ تاکوو ١٣٦٠ تەنیا سەرقاڵی گوتنەوەی وانە بوو و هیچ کارێکی پێوەندیدار بە لقی یاسای قبووڵ نەکرد.

ساڵی ١٣٤٨ بوو بە ئەندامی شۆرای شێعر و موسیقی. سیمین بێهبەهانی، هوشەنگ ئیبتهاج، نادر نادرپور، یەدوڵڵا ڕۆیایی، بیژەن جەلالی و فەریدون موشیری، ئەم شۆرایەیان بەڕێوەدەبرد. ساڵی ١٣٥٧ بوو بە ئەندامی ناوەندی نووسەرانی ئێران.

سیمین بێهبەهانی پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ڕادیو شێعری دەهۆنیەوە و گۆرانیبێژانێك وەك شەجەریان، ئێلاهە، گوڵپایەگانی، داریوش، ئیرەج، عارف، سپیدە، کورس سەرهەنگ زادە، ڕامش، ئەهدیە، سیما بینا، پوران و مەرزیە .. شێعرەکانی ئەویان کردووەتە گۆرانی.

بێهبەهانی بۆ ماوەیەکیش ئەندامی شۆرای موسیقی ڕادیۆ و دەنگ و ڕەنگی میللی ئێران بوو.

ساڵی ١٣٧٨ ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بێرلین، مەدالیای «کارل فون ئۆسی یتسکی»ی پێشکەشی سیمین بێهبەهانی کرد. هەر لەم ساڵەیشدا لە لایەن ڕیکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤەوە خەڵاتی « لیلیان هێلمن داشیل هامت»ی پێشکەش کرا.


لە حەوتی خەرمانانی ١٣٩٢(٢٩ی ئووتی ٢٠١٣)یشدا خەڵاتی «یانوش پانونیوش» (janus pannonius)، لە لایەن ئەنجوومەنی قەڵەمی مەجارستان، لە شاری «پچ»ی وڵاتی مەجارستان، بە بەشداریی سیمین پێشکەشی ناوبراو کرا. ئەم خەڵاتە بریتی بوو لە تەندیسێك و پەنجا هەزار پۆند. لەم ڕێوڕەسمەدا فەرزانە میلانی، وەرگێڕی بەرهەمەکانی سیمین بۆ زمانی ئینگلیسیش بەشدار بوو.

بێهبەهانی لە ڕێکەوتی ١٧ ڕەشەممەی ١٣٨٨دا، لەکاتێك دا کە بڕیار بوو بۆ لێدوان لەهەمبەر فێمێنیسم لە ڕۆژی جیهانیی ژندا بچێتە پاریس، لەلایەن مەئمورانی ئەمنیەتییەوە پێشی لێگیرا و پێیان ڕاگەیاند کە ناتوانێ لە وڵات بچێتە دەرەوە.

باراك ئۆبامایش لە پەیامی خۆی‌دا بە بۆنەی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ١٣٩٠دا، وێڕای هێماکردن بە یاساخبوونی سەفەرکردنی سیمین بۆ دەرەوەی وڵات، بەشێك لە شێعری «سەرلەنوێ ئاوەدانت دەکەمەوە نیشتمان»ی خوێندوە.

سیمین بێهبەهانی کاتژمێر یەکی سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ٢٨ گەلاوێژی ١٣٩٣ لە تەمەنی ٨٧ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

## ئاوێزە



● هادی زیائەدینی

ساڵی ١٣٣٥ لە گەڕەکی جەورئاوای سنە لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی و ئۆگری شێعر و عیرفان چاوی بە دونیا هەڵێناوە.خۆی سەبارەت بە باوکی دەڵێت: «ئەو مرۆڤێکی بەشەرەف و خۆپارێز بوو و هەر ئەو بوو کە هەڵسوکەوت و ژیانی سەربەرزانەی فێرکردم و دایکیشم بە ئەو پەڕی دڵسۆزیی و فیداکارییەوە ئێمەی پەروەردە کرد».

سەبارەت بە کاری هونەری دەڵێت: «پێش قۆناخی سەرەتایی خوێندن سەرقاڵی نیگارکێشی بووم و پاش تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی، یەکەمین هەنگاوەکانم بۆ پەیکەرتاشی هەڵێنا. ساڵی ١٣٥٦ لە زانکۆی هونەرەجوانەکانی زانستگای تاران وەرگیراوە. یەکەمین مامۆستای کەسێك بووە بە ناوی «هانیباڵ ئەلخاس» کە بە وتەی خۆی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەوەی کە لەگەڵ بەهاکانی نیگارکێشی ئاشنا بێ و هەروەها دەڵێت کە ناوبراو فێری کردم کە سەرکەوتن لە کاری هونەریی‌دا پێویستی بە کار و ماندووبوونی زۆرە. ناوبراو ماوەی دوو دەیەیە کە هاوکات لەگەڵ خوێندن، کاری وانە وتنەوەی هونەریشی کردووە و دەڵێت خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە بنەما ئاکادیمکیەکانی هونەری نیگارکێشی و پەیکەرتاشیم لە کوردستان بونیاد ناوە.

هادی زیائەدینی لە ماوەی تەمەنی هونەریی خۆیدا بە دەیان پیشانگای لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە بردووە و لە زۆر فێستیڤاڵیشدا وەك هەڵسەنگاندنکار بەشدار بووە و بۆ بەشێکی بەرچاو لە گۆرەپانەکانی شارەکانی کوردستان پەیکەری ساز کردووە.



# وتووێژی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

**خەبات:** کوردستان لە دوای شەڕێکی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، هەمان سنووری ئێستای ئێران و تورکیە دەکەن، کراوە بە دوو بەش لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کراوەتە چوار بەش، ئایا هۆکاری سەرەکی ئەم دابەشکارییەی دووهەم کە بەسەرکردایەتی وڵاتانی زلهێزی جیهانی بەڕێوە چوو، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**مستەفا هیجری:** بەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕ سنووری دەسەڵاتداریی وڵاتانی دۆڕاوی شەڕیان لە نێوان خویاندا دابەشکرد، لە ئاکامی ئەو دابەشکردنەدا بەشێك لە خاکی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریی عوسمانیدا بوو لە نێوان دوو وڵاتی تازە بنیاتنراوی سووریە و عیراقدا دابەش کرایەوە، بەشێکی هەر لەژێر دەسەڵاتی وڵاتی تورکیەدا مایەوە کە لەسەر وێرانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بینا کرا بوو و بەشێکیشی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاراندا مایەوە بەم چەشنە کوردستان بوو بە چواربەش.

**خەبات:** کورد نەتەوەیەکی دەیان میلیونییە خاکێکی فراوان و بە پیتیشی هەیە، هەمیشە دەوترێ کە وڵاتانی زلهێز ئەو نەتەوانە دەکەن بە خاوەنی وڵاتی خۆیان کە دەتوانن بە جۆرێك لە جۆرەکان قازانجیان لێ بکەن، بۆچی لە کاتێکدا کوردستان سامانیشی زۆرە، وڵاتان لەسەر نکۆڵی کردن لە مافە بنەڕەتییەکانی کورد بەردەوامن؟

**مستەفا هیجری:** ئەوە ڕاستە کە کوردستان خاکێکی فراوان و حەشیمەتێکی زۆری هەیە و زۆریش بە پیتە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بیرمان نەچی کە ئەو وڵاتانەی کوردیشیان بەسەردا دابەش کراوە وڵاتی بە پیتن بەرژەوەندییەکانیان بۆ زلهێزەکانی جیهان لە بەرژەوەندی کوردستان زیاترە، بۆیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی بچووك (کوردستان) نایانەوێ بەرژەوەندییە گەورەکانیان (وڵاتە گەورەکان) لە کیس بچێ. بێجگە لەوە مەسەلەی ئەمنی و تێکدانی سنووری ئەو وڵاتانە و کۆمەڵێك فاکتەری دیکەش لە بڕیاردانی زلهێزەکاندا هەیە کە لەبەرچاوە دەگیرێ، کە یەکێك لەو فاکتەرانە ڕەخساندنی مەجالی گونجاوی سیاسییە کە بە هۆی ئاڵوگۆڕەکان بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراو یان ژێردەستەی وڵاتێکی بەهێزتر دەرخسێ وەك نموونەیەکی باش لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئەرمنستان و ئازەربایجان ناو بەرین. کاتێك لە کۆتایی شەڕی سارد وڵاتی سۆڤیەت شکستی خوارد و حکوومەتەکەی تێکچوو، دەرفەتێکی باش بوو بۆ زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە خاکی خۆیان هەبوو و تا ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدا دەژیان، جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، وڵاتانی ڕۆژئاواش بە تایبەت ئەمریکا کە ئەو دابەش بوونەیان لە بەرژەوەندی خۆیان دەزانی ئەو وڵاتانەیان بە ڕەسمی ناسی، بەڵام تا ئێستا هەل و مەرجێکی سیاسی لەم چەشنە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە.

**خەبات:** خەباتی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی خەباتی لێکدابڕاو بووە، ئەگەر پێوەندییەکیش هەبوو بێت، زیاتر تەشریفاتی بووە، هەرچەند هێندێك جار دوو پارچەی کوردستان بە یەکەوە خەبات دەکەن، بۆ نموونە لە ئێستادا بەشێك لە هێزەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە یەکەوە خەبات دەکەن، یان لە ڕابردوودا ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە یەکەوە خەباتیان کردووە .. ئایا خەبات کردنی کورد بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بۆ ئەم واقیعە گونجاوە؟ ئایا ئەم لێکدابڕاوییەی خەباتی کورد هۆکارە نەبووە بۆ دواکەوتنی بەدینەهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی؟

**مستەفا هیجری:** وەك ئاماژەتان پێ کرد چەند جارێك وابوە کە کوردەکانی دوو بەش بە شێوەی پچڕپچڕ یارمەتی سەربازی یەکتریان داوە لە دژی یەکێك لە حکوومەتە داگیرکەرەکان، بەڵام ئەو یارمەتییانە زۆر بەرتەسك و کاتی بوونە و شوێندانەری بەرچاویان لە گۆڕینی پارسەنگی هێز پێك نەهێناوە.

یەکگرتنی هێزی کورد لە هەرچوارپارچەدا و تەنانەت لە دوو پارچەشدا، دەبێتە هۆی یەکگرتنی دەوڵەتەکان بۆ سەرکوتی خەباتێکی یەکگرتووی ئەوتۆ، ئەو نموونانەشمان لە مێژوویی خەباتی کورددا دیوە، بۆیە دەڵێم خەباتی یەکگرتووی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە دژی چوار دەوڵەتی بەهێز کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە نەگونجاوە.

**خەبات:** بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی کوردستان لە کاتی ئێستادا و هەڵسەنگاندنی لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان لە باشووری کوردستان، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ئێستادا تا چەند لە واقیعەوە نزیکە و وەك زەروورەتێك ئەبێ چاوی لێ بکرێت؟

**مستەفا هیجری:** من لەو باوەڕەدام لە هەڵومەرجی وەك ئیستادا کە بەکردەوە دەتوانین بڵێین حکوومەتێك بەواتای ڕاستەقینەی خۆی لە عێراقدا نیە و چاوەڕوانیش ناکرێ بەم زووانە عێراق ڕووی ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ و، کوردیش دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاکی خویدا هەیە و خاوەنی نەوتێکی زۆریشە کە ئەوە بۆخۆی لەباری دارایی و سیاسییەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام بێجگە لەوانە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور چەند فاکتەری دیکەش زۆر گرنگن و پێویستە لەبەر چاو بگیرێ:

یەکەم ـ یەکڕیزی خەڵك و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە گشتی بەمەبەستی ئێرادەی پێکهێنانی ئەو سەربەخۆییە.

دووهەم ـ ئامادەیی خەڵك بۆ تەحەمولی ئەو زەخت و کێشانەی کە نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان بۆی دەخولقێنن، بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران، وەك بەستنی سنوورەکانیان بە ڕووی کوردستان و پێکهێنانی کەم و کۆڕی لە هەموو بارێکەوە و باقی پیلانەکان لانیکەم لە کورتخایەندا وەك شەهید د. قاسملوو فەرموویەتی، گەلێك ئازادی بوێ دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا.

سێهەم ـ ئامادە بوونی وڵاتێکی دراوسێ ـ وەك تورکیە ـ کە حکوومەتەکە بەڕەسمی بناسێ و ڕێگایان بەرەو وڵاتانی دنیادا بکاتەوە.

***

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٤٦١٤)
لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٤/٨/٤ی زایینی



# وتووێژی ڕۆژنامەی دەستوور لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

**دەستوور:** بەڕێزتان بەگشتی گۆڕانکارییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەدوای دەستبەسەرداگرتنی هەندێك ناوچە لەلایەن داعشەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری:** گۆڕانگارییەکانی عێراق دوای دەسبەسەرداگرتنی موسڵ و چەند شوێنێکی دیکە لە عێراق بە بۆچوونی من بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حکوومەتی عێراق کە بەڕێوەبەریەکی سەقەتە، ناسیاسی و نا قانوونی بووە. ئەو حکوومەتە لەسەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە تا ئێستا نەیتوانیوە متمانەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە کە لە چەند نەتەوەی جیاوازی ئایینی و تایفی پێکهاتووە بەدەست بهێنێت، بەشێوەیەك کە هەمووی ئەو نەتەوانە عێراق بە وڵاتی خۆیان بزانن و لە ژێر چەتری یاسایەکی دێموکراتیکدا هەموو لایەك بە مافی یەکسانەوە پێکەوە بژین و وڵاتەکەیان بەرەو پێش بەرن نارەزا بوونی پێکهاتە جیاوازەکان لەو حکوومەتە بە درێژایی ساڵانی ڕابوردوو و دەستەوەستانی حکوومەت لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئەم کێشانە فەزایەکی سیاسی گونجاوی پێکهێنا بۆ ئەوەی داعش، پاشماوەکانی ئەفسەر و ئەمنەکانی بەعس، عەشیرەتە سوننییەکان لە پەنای خەڵکی نارازیداڕیزەکانی خۆیان یەکگرتوو بکەن و بتوانن بەشێك لە ناوچەکانی عێراق کە لە باری سیاسیو جوغرافییەوە گرنگن داگیر بکەن و بیبەستنەوە بەو ناوچانە لە سووریە کە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لێرەدا پێویستە هیمای بۆ بکەین ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی بەهێزی ناوچەش لەم فەزایە کەڵکیان وەرگرت و بە مەبەستی مسوگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستیان خستە ناو عێراق و هەرکام لە پێکهاتەکانیش وەك سوننە و شیعە بۆ بەهێز بوونی خۆیان و شکست پێهینانی لایەنی دژ بەخۆیان پاڵی وەیەکێك لەو هێزانەدا و دەتوانین بڵێین تا ئاستێك بوونەتە کارتی کایەی دەستی ئەو هێزانە و لە ئاکامدا شەڕە ناوخۆییەکەی عێراق بوو بە شەڕی پراکسی proxy (شەڕی نیابەتی) کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەك و بەرەی بەشێك لە وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی بەسەرۆکایەتی سعوودی لەلایەکی دیکە.

ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە پێمان دەڵێن کە پێدەچێ ئەم ئاڵۆزی و ئاژاوەیە درێژخایەن و خویناوی بێ، گۆڕینی سەرۆك وەزیرانیش لەوپەڕی خۆیدا دەتوانی تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئارامی‌یەکی ڕێژەیی پێك بێنێ، بە کورتی دوورە دیمەنی پێکەوە هەڵکردنی ئەم پێکهاتە فرە جیاوازییانە کە هێندێکیان دوژمنایەتی مێژووییان لەگەڵ یەکتر هەیە جێگای هیواداری نیە.

**ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانێ بۆ کورد ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەربگری و مەسیری چارەنووسی خۆی دیاری بکا**

ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانێ بۆ کورد ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەربگری و مەسیری چارەنووسی خۆی دیاری بکا بەشێوەیەك کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بێ، بە مەرجێك هێزە سیاسییەکانی کورد یەکریز بن و دوژمنانی گەلی کوردو لە سەرووی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ جیایی لە نێوانیاندا سازبکا و ئەو دەرفەتەیان لە کیس بدا.

**دەستوور:** پێتان وایە گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ناوچەیی بەڕێوەیە؟

**مستەفا هیجری:** ئەگەر ئەم لێکدانەوەی لەسەرەوە باس کرا لێکدانەوەیەکی دروست بێ ئاکامەکەی دەبێتە گۆڕانکاری لە ناوچە بەتایبەت لە پانتایی عێراقدا. بەرفراوان بوون یان بەرتەسك بوونی ئەو گۆڕانکارییانەش بەشێکی بەستراوەتەوە بە وەزعی داهاتووی سووریە و دەوڵەتەکانی ناوچە کە ڕەوتی کایەکەیان بەدەستەوەیە.

**دەستوور:** پێتان وایە دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق لە درێژماوەدا لە قازانجی کورد کۆتایی پێ بێت بەتایبەتی داوی ئەوەی کورد کەرکوکی گرتەوە؟

**مستەفا هیجری:** من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر کورد بە یەکگرتوویی و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ورد بچێتە نێو کایەکەوە دەتوانی زۆرترین قازانج لەو وەزعە بکا، تەنانەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقیشدا. بەڕاستی هەلێکی نایابە کە بۆ کوردی باشوور هەڵکەوتوە و ئەگەر لە کایەکەدا هەڵە بکا و لە کیسی بدا لە بەرانبەر مێژوودا بەرپرسیار دەبێ.

**دەستوور:** ئێوە چۆن دەڕواننە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان؟ پێتان وایە کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپرسی سەربەخۆیی ڕاگەیەنێت؟

**مستەفا هیجری:** بۆ سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی ئابوورییەکی بەهێزە کە کوردستان بە بوونی یەدەکێکی بەرفراوانی نەوت ئەو فاکتەرەی لەبەردەستدایە، کە ئەو فاکتەرە دەتوانی فاکتەرە سیاسییەکەشی بۆ دەستەبەر بکا ئەگەر بێتوو خەڵك بۆ ماوەیەك قەناعەت بکەن و بەرگەی زەخت و زۆرەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بگرن و پشتی حکوومەتەکەیان بگرن.

فاکتەری گرنگی دیکەش بێجگە لە قسەوباسەکانی ئاشکرا کە لەسەر ڕاگەیانە گشتییەکان دەکرێن، چۆنیەتی ساتوسەودای حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتەکانی ناوچە و ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکایە کە تا چەند لەو ڕاستایەدا یارمەتیدەری دەبن، ڕێگای بە ڕووی



دنیادا بــۆ دەکەنەوە لــە کۆتاییدا ئەو ســەربەخۆییە بە ڕەســمی دەناسن. ئەو بە شــەش بۆ من ئاشــکرا نیــە، بۆیە ناتوانم پێشــنینی بکەم کە سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن یان نا.

**دەستوور:** ئێران بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردســتان ڕاگەیانــدووە، هەڵویســتی حیزبی دێموکرات لەبارەی کاردانەوەکانی ئێران چییە؟ پێتان وایە ئێران بۆ ئاوا خێرا و بە توندی هەڵویستی گرت؟

**مستەفا هیجری:** ئەوەی کە ئێران لە پێش هەمواندا و بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ هەرێم ڕاگەیاندوە بۆ ئێمە شــتێکی تــازە نیە و لامان ســەیر نیە. کۆماری ئیسلامی دژی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە لە هەموو بەشــەکاندا. کۆماری ئیسلامی بە دیدێکی ئەمنیەتی سەیری ئەم پرســە دەك او دەزانێ بە شێوەیەکی گشتی وەزعی ئێران و عێراق لەو خاڵەدا وەك یەك وایە چوونکە لە ئێرانیشدا هەموو نەتەوەکان و بە تایبەت کورد لەو ڕێژیمە بێزارن بۆیە ســەربەخۆبوونی باشــووری کوردستان یان هەرکام لە بەشەکانی دیکە دەتوانێ هاندەرێك بێ بۆ نەتەوەی کورد لە ئێرانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش بچنە ناو ئەو پرۆســەیە و بەم شێوەیە ئێران دابەش بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی کورد دەزانێ و خەباتی دەیان ساڵەشی لەو پێناوەدا بوە. بۆیە ئێمە پشتی حکوومەتی هەرێم و خوشــك و براکانمان لە باشوور دەگرین لە حاڵەتێکدا کە ســەربەخۆیی خۆیــان ڕاگەیەنن و، لەو پێناوەدا چیمان بۆ بکرێ دەیکەین.

**دەستوور:** بە بڕوای ئێوە کاردانەوەکانی ئێــران بە شــێوەی کردەیــی (عملی) لەبارەی ڕاگەیاندنــی دەوڵەتی کوردی چی دەبێت؟

**مســتەفا هیجری:** ئێــران دەتوانێ ســنوورەکانی بەرووی هەرێمــدا دابخا، هەروەك ساڵانی ڕابووردوو بەهانەیەك ساز بکا بۆ تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکان، لەنێوخۆی کوردستاندا بە هۆی هێندێك بە کرێگیراوی خۆی تەقینەوە بکا، کاری تیرۆریســتی بکا، کێشە و دووبەرەکی لە نێــوان هێزە سیاســییەکاندا پێك بێنێ و هێندێك کاری دیکە.

**دەستوور:** پێتان وایە ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ئەگەری دابەشبونی عێــراق، دەســتێوەردانی بەرفراوانــی سەربازی بکات؟

**مستەفا هیجری:** ئێران نەك بەشێوەی ئاشــکرا، بەڵکوو لەژێــر فەرماندەهی سوپای عێراقدا و بە ناوی سوپای عێراق بە مەبستی دەســت بەسەردا گرتنەوەی ئەو بەشــەی کە بە ناوچــە ناکۆکەکان ناســراوە بە تایبەت کەرکووك کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە، هێزەکانی خۆی بۆ شــەڕی پێشمەرگە بنێرێتە ئەو بەشانە.

**دەســتوور:** کاریگەریی سەربەخۆیی هەرێمی کوردســتان لە سەر پارچەکانی تر و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری:** کاریگەریی ئەرێنی ســەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر بەهێز دەبێ. هەر بۆیەش کۆماری ئیســلامی لــەوە تۆقیوە و لــە ئێســتاوە کەوتوەتە هەڕەشەکردن.

**دەســتوور:** لــەدوای ســەربەخۆیی کوردســتان، چارەنوســی پارتەکانــی ڕۆژهــەڵات و بەتایبەتی (حدکا)، چۆن دەبێت، پێتان وایــە دەوڵەتی کوردی لێرە چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا بکات؟

**مســتەفا هیجری:** من هیچ هۆیەك نابینم کە مامەڵەی کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ حیزبەکانــی خۆرهەڵات کە لەو بەشە نیشتەجێن لەگەڵ ئێستا فەرق بکا، بەڵکوو دەتوانێ باشتر بێ.

**دەســتوور:** ئایا لەداوی سەربەخۆیی هەرێمی کوردســتان، حیزبی دێموکرات بە هەمان شــێوازی پێش سەربەخۆیی، درێژە بــە خەبات و چالاکی سیاســی و ڕاگەیانــدن دەدەن، یــان چاوەڕوانی دیکەتان لە دەوڵەتی سەربەخۆی باشوری کوردستان دەبێ؟

**مســتەفا هیجری:** ئێمــە خەبات و چالاکی خۆمــان بەگوێرەی توانا درێژە دەدەین و تا ئەو کاتەی بەشی ئاشکرای حیزبەکەمــان لە باشــوور نیشــتەجێیە تێدەکۆشــین نەبینە کۆســپ، بەڵکوو یارمەتیــدەری ئەو حکوومەتــە دەبین و بە دەرکی هەلومەرجی سیاســی ئەو حکوومەتەش چاوەڕوانیمان لێی دەبێ.

**دەســتوور:** بۆچی حیزبی دێموکرات هەڵوێستێکی ئاشــکرای نەبووە لەبارەی هێرشەکانی داعش بەتایبەتی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ ســەر هەرێمی کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان؟

**مستەفا هیجری:** داعش وەکوو القاعیدە و باقی گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامی‌یەکان ساڵانێکە خەریکی کوشتار و وێران کردنن و ڕۆژانە لە ناوچە و شوێنە جیاجیاکانی دنیــا جینایەت دەخولقێنن، لە خۆرئاواش یەکــەم جار نیە کە هێرش دەکەنە ســەر ناوچەیەکی کوردنشینی وەکوو کوبانی، بۆیە بە پێویستمان نەزانیوە کە هەڵویست دەربب‌ڕین.

***

ئــەم وتووێژە لــە ژمــارەی ٨٤ی ڕۆژنامــەی دەســتوور لــە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ی زایینی بڵاوکراوەتەوە.

**من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر کورد بە یەکگرتوویی و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ورد بچێتە نێو کایەکەوە دەتوانی زۆرترین قازانج لەو وەزعە بکا**

جووت حەوت



## هەوراز

ـ ٢٨ی گەلاوێژی ئەمســاڵ ٣٥ ساڵ بە سەر فتوای جیهــادی خومەینی دژ بــە گەلی کورد تێپــەڕی. بەپێی ئــەو فتوایە بــۆ یەکەمجار لە مێــژوودا بە ئەمری گەمژەترین ســوڵتانی مێژوو هێرشــی دەریایی کرایە سەر کوردســتان!!! و بەم چەشنە سەردەمی زێڕینی ئیمام بە موعجیزەیەکی مەزنی ســەربازی و جوغرافیایی دەستی پێ کرد و خومەینــی و ڕێژیمەکەی بــوون بە یەکەم کەس و لایەنێك کە ســەرەڕای ئەو فتوایە و دەرئەنجامە کارەســاتبارەکانی بۆ ســەر کوردســتان، لە لایەن هێندێــك بــرادەرەوە خەڵاتی گەورەترین دۆســت و پشــتیوانی گەلی کوردیان پێ بەخشرا. ئەوەش لە موعجیزەکانی دیکەی ســەردەمی زێڕین بوو کە تا ئێستاش زۆر کەس خەون بە گەڕانەوەیەوە دەبینن.

لە سەردەمی زێڕیندا قەبرستانە چۆڵەکان ئاوەدان کرانەوە، ئێرانییەکان بە پلەی ئینسانییەت گەیشتن! ئێرانــی ســەڵتەنەتی بوو بە کۆمــاری پێنجەمی فەرانسە!!، باوەڕ بە وتووێژ بۆ چارەسەری کێشەکان هێنــدە باو بوو کە گەورەترین کێشــەکان بە وتووێژ چارەســەر دەکران و چارەسەرەکەش مەرگ و تیرۆر بوو. شــەڕکردن و مردن نەك ئامراز بەڵکوو ئامانج بــوون، هەموو شــتێك گران بوو کەچــی گیان و نامووس و کەرامەت هەرزان بوو و.. ئەمانە بوون کە عەیاری ســەردەمی ئیمامیان گەیاندە زێڕی ٢٤ و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت کەسانێك عەیاری ئەڵقەی غوڵامیــی خۆیان لەگــەڵ ئەو پێوانەیــە بەراورد دەکەن.

ـ ئایەتوڵڵا کازم ســدیقی، پێشنوێژی هەینیی تاران دەڵێ: «کەسانێك لە سەرەتای شۆڕشدا (واتە لە هەمان سەردەمی زێڕینی ناوبراودا) وایان نیشان دەدا کە یاری ئیمامن، بەڵام ئێســتا دەرکەوتووە کە هەر لەو کاتەشــدا درۆیان کردووە». ئەم کەســانە کە لەوانەیە مەبەســت ڕەفســەنجانی و خاتەمی و کەڕووبــی و لقوپۆپەکانیان بێت، لەو کاتەدا هەموو شتێکی ئیمام بوون، یەکێك کوڕە شیرینەکەی ئیمام، یەکێك دەست پەروەردەی ئیمام، یەکێك میوەی دڵی ئیمام، یەکێك جگەرگۆشەی ئیمام، یەکێك جمگەی لەشی ئیمام، و هەتا دوایی. بەڵام ئێستا کەوتوونەتە بەر شــەقی نیزامەکــەی ئیمام و لە حەســرەتی ڕۆژانێکدا کە پێکەوە توێکڵە شــووتییەکانی بەردەم ئیمامیــان دەخوارد، هــەر بۆ ســەردەمی زێڕین دەکڕووزێنەوە. ئەمانە حەقی خۆیانە و هیچ ســەیر نیە. سەیر ئەوەیە کە کەسانێك لە سەردەمی زێڕینی ئیمامدا بە شۆڕشگێڕ و دژبەری ڕێژیم دەناسران کە چی ئێســتا دەیانهەوێ خۆیان بە عابای سەردەمی زێڕیندا هەڵواســن، بەڵکوو قەپاڵێــك لە بابۆڵەی ڕەئفەتی ئیسلامییان بەر بکەوێت و بۆ ئەم مەبەستە ڕۆن و دۆشاویان تێکەڵ کردووە، کەس نیە پێیان بڵێ عەموو! ئەوان لەو ســەردەمەدا نانیان لە ڕۆندا بوو، تۆ کە لەو سەردەمەشدا هەر وەك ئێستا بەگە ڕوووتە بووی، پێمان ناڵێی ئەو «ئیمام ئیمام» کردنەت لە پای چییە؟

ـ عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزڵی، وەزیری ناوخۆی مەلا حەسەن ڕووحانی لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بۆ چی مۆڵەتیان بە کرێکاران نەداوە لە ڕۆژی خۆیاندا ڕێپێوان بکەن، گوتوویــە: «لەبەر ئەوە نەماندا کە ئەگــەر بە ئەوان مۆڵەت بدەیــن، ئەوانەی دیکەش داوا دەکــەن و هــەر ڕۆژێك توێژێك و پیشــەیەك داوای ڕێپێــوان دەکەن کە ئەم کارەش تێچووی زۆر هەڵدەگــرێ» کە واتە یان دەبێ ڕێپێوان یەکجار بۆ هەمیشــە بکرێت یان هەر لە بنەڕەتدا نەکرێت. ئەو هەر وەها لە بەراوردێکــدا دەڵێ: «ڕۆژەکانی وەك ٢٢ی بەهمەن و ڕۆژی قودس پشوودانی فەرمین، بۆیــە ڕێپێوانەکەیــان خەرجی تــێ ناچێت، بەڵام ئەوانەی دیکــە جیاوازن و خەرجیان گرانە». هیچ نەبــێ ئەمە ٣٥ ســاڵە خەڵکی ئێــران و ناوچە و بگرە هەموو جیهان چەقیونەتە نێو قوڕی خەســتی ٢٢ی بەهمەن و ڕۆژی قودس، هەموو شــتێك بە هۆی ئەم دوو ڕێپێوانەوە گران بووە، شــەڕ و ئاژاوە و هــەژاری و گەندەڵی و قــات و قڕیی گەمارۆ ئابوورییەکان بڕســتی لە خەڵك بڕیــوە، خەڵك بە فرۆشــتنی گورچیلە و ئەندامانی لەشــی خۆیان خەریکــە خەرجی ڕۆژی قــودس و ٢٢ی بەهمەن دەدەن کەچی هێشــتا ئەم کابرایــە بە بێ خەرجیان دەزانــێ. نازانم ئەگەر ئەمانە بێ خەرج بن، ئەدی کەم خەرج و پڕخەرجەکانیان کامانەن؟ بە ڕاســتی جەنابی فەزڵی! هیچتان هێشتۆتەوە خەرجی ئەم دوو بۆنەیە نەکرابــێ؟ ئەگەر هەیە فەرموو بیبەن و لە کۆڵ ببنەوە! کارمان هەیە با قاوەخانەکە دابخەین.



بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتووێژێکدا بۆ کوردستان:

# پیلانێکی ناوچەیی مەترسیدار دژ بە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە

**لەگەڵ هێرش کردنی داعش بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و گرتنی چەن شارو گوندی هەرێمی کوردستانی باشوور لە لایەن تیرۆریستانی داعیشەوە، جۆرێك هاوهەڵوێستی لە نێو هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان درووست بوو. لەم نێوانەشدا دوا بەدوای داوای هاوکاریی کردنی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەرگریی لە خاك و سـەروەری هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەدا بڕیاری ناردنی هێزی بۆ بەرەکانی شـەڕ دژی داعش دەرکرد و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا چەن هێزی تەیار و پۆشـتە و پەرداخی خۆی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد کرد. بۆ ئەم مەبەستە و تاوتوێ کردنی ئەم بڕیارە شۆڕشگێڕانەی حیزب وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز ڕۆسـتەم جەهانگیری، بەرپرسی کومسیۆنی سیاسی نیزامی حیزب ساز کردووە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی کوردستانی بۆ ڕادەکێشین.**

هەڤپەیفین: عارف وەلزی

کوردستان **چۆن بوو کە حدکا ئەم هەڵویستە مێژووییەی گـرت و هێزی ناردە بەرەکانی شەڕ؟**

هەر وەك لـە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسـیدا، لەمـەڕ ڕووداوەکانـی ئـەم دووایینانەی هەرێمی کوردسـتان و هێرشی داعش بۆ سـەر هەرێمی کوردستان هاتبوو حیزب لەو بڕوایـەدا بوو کە ئەوە پیلانێکی ناوچەیی زۆر مەترسـیدارە کە بۆ زەربە لە تێکـڕای بەرژەوەندییەکانـی گەلی کورد، لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان داڕێژراوە. ئەو جار لایەنێکی کۆنەپەرەست و دژی گەلی و تیرۆریست کە بەزەیی بە ژن و منداڵ و تەنانەت بە شـوێنە پیرۆزەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی نایەت و شەڕی بە دژی کوردستان و ئازادیخوازان و تێکرایی هێزە دێموکرات و نەتەوەپەروەرەکان ڕاگەیاند. بۆیە حیزب بەرامبەر بەو ڕووداوە بە ئەرکی نەتەوەیی و بیرۆکەی مرۆڤدۆستانەی خۆی زانی کە ئەگەر داوای لێ بکرێت، ئامادەیە هاوکاری و بەشداریی لە شەڕ دژی داعشدا بکات.

هەر بۆیە کە لایەنـی پێوەندیدار داوای کرد، حیزبیش لە مـاوەی چەند کاتژمێردا بەو پەڕی ئامادەگییەوە هێزەکانی ڕەوانەی سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەکانی شەڕ کرد. دیارە ئەگـەر هێزەکەی حیـزب لە بارەی چەندایەتییەوە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین ژمارەیان کەمتر بوو بەڵام هێزێکی مونەزەم و ڕێك و پێك و تەیار بە چەکی سووك و نیوە قورس و بە ورەیەکی یەکجار زۆر بەرزەوە ڕەوانەی بەرەکانی شـەڕ کران بـە جۆرێك کە زۆر زەحمەت بوو بە بەشێکی دیکە لە هێزەکانمان بڵێین بۆ سەرەی دووهەم ئێوەی بۆ بەرەکانی شەڕ بەرێ دەکەین. هەر بۆیە تێکڕای هێزی حیزب لە پێشـمەرگە و کادر و ئەندامانی ڕێبەریی و ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبـی لە هەرێمی کوردسـتان ئامادەیی خۆیـان دەربـڕی و تەنانەت لـە دەرەوەی وڵاتیش بە هەمانشـێوە ئەندامانی حیزبیی ڕایانگەیاند کە ئەگەر حیزب ئیزنیان پێ بدا ئامادەن بە زووترین کات بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان و بەشداری شەڕی دیفاع لە مان و موجوودییەتـی حکوومەتـی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بکەن.

کوردستان **ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵوێسـتە لە نێوخۆ و دەرەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەمن پێم وایـە دەنگدانەوەییەکی زۆر باشی بوو. مەسەلەی مان و مەوجوودیەتی کورد هاتبووە ئاراوە و ئەوە ئەرکی ئەحزابی کوردی هەرچوار بەشـی کوردستان بوو کە هاوکاریی هەرێمی کوردسـتان بکەن. ئەمە

## ڕێژیمی ئێران لەو هەڵویستەی کە جۆرێك یەکگرتوویی لە نێو گەلی کورددا هێنایە دی ترس و دڵەڕاوکەیەکی تێدا دروست بوو

بـۆ یەکەمجار بوو کە کـورد ئاوا بە یەك دەنگ و یە هەڵوێسـت وەك یـەك نەتەوە هاتە مەیـدان کە بۆ دۆسـت و دژمنانی کورد ئەوە چاوەڕواننەکـراو بوو و هەر ئەو وەدەنگ هاتنـەی ڕۆڵەکانی کورد بوو کە دەنگدانەوەی جیهانی و نێوخۆیی بە دوایدا هات و ئەو جـار دەنگدانەوەی جیهانی بۆ پاڵپشتی لە گەلی کوردی بە دوایدا هات. ئەوەش بۆ دوژمنانـی کورد چاوەڕواننەکرا بـوو. بۆیە لێـرە و لەوێ لـە دژی ئەو هەڵوێستەی کە وڵاتانی ئۆرووپا و ئامریکا بۆ پشـتیوانی گەلی کـورد گرتیانە بەر هەنـدێ دژکردەوە هاتە ئـاراوە بە تایبەت کۆماری ئێسـلامی نەیتوانی بێدەنگ بێ و زۆر بێشـەرمانە ئەو هەڵوێستە وڵاتانی ڕۆژئاواییـان بردە ژێر پرسـیار. چوونکە ڕێژیمی ئێران لەو هەڵویسـتەی کە جۆرێك یەکگرتوویی لە نێـو گەلی کورددا هێنایە دی ترس و دڵەڕاوکەیەکی تێدا دروست بوو. سەیری هەڵوێستی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات کرد کە دوای زیاتر لە سـێ دەیە سەرکوت و خەفەقان و کوشـت و بڕ پێی وا بوو ئیتر گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دەستی لە مافەکانی هەڵگرتووە و بە تەواوی تەسلیمی ئیرادەی کۆماری ئێسلامی بووە. بەلام کە ئەو وەزعە هاتە پێش لە پێش هەموو لایەك ئەوە گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بوو کە هاتنە مەیدان و ئازایەتییەکی بێ وێنەیان نیشاندا. ئەمەش بۆ ڕێژیم زۆر مەترسـیدارتر بوو لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئامریکا و هاتنە سەر خەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ پاڵپشتیی کردن لە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان.

کوردستان **ئـەم هێزە لە بەرەکانی شـەڕدا هەتا چەندە سەرکەوتوو بوو؟**

ئـەو هێزە لەو مـاوە کەمـەی کە لە بەرەکانی شـەڕ بوون توانیان زەبری قورس لە دوژمن بوەشـێنن بە بێ ئەوەی کە هیچ زەرەر و زیانێکیان پێبگات. بۆیە پێم وایە لەو کارەدا هێزەکانی ئێمە زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەگەر زیاتر مابانەوە حەتمەن جێ پەنجەی هێزی حیزب زۆر لە ئێستا دیارتر دەبوو و بە بەرپرسایەتیەوە دەڵێم هیزی ئێمە شوێندانەر بوو لە مەیدانی شەڕ.

کوردستان **ئەم هێزە بۆچی لەو ماوە کورتەدا گرایـەوە بارگاکانی حیـزب و بەرەکانی شەڕی بەجێ هێشت؟**

بەداخەوە هەتا ئێسـتاش زۆر ڕوون نیە کە بۆچـی هێزەکانی حیزبـی دێموکرات زوو داوایـان لێکرا بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان. هیوادارم لە دواڕۆژدا ئەو مەسەلەیە ڕوون بێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارێکی سـەرکەوتوو بـوو بڕیارێکـی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە بوو.

کانیاو



# ٢٥ی گەلاویژ دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوا

پـاش داگیرکردنـی ئێـران لە ٣ی خەرمانانـی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە لایەن هاوپەیمانەکانـەوە و هەڵوەشـانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و دوورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ ئافریقای باشور، جووڵانەوەی ئازادیخوازانـەی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەی کورد لە کوردسـتانی ئێـران، لـە پێنـاو وەدیهێنانـی مافە نەتەوایەتییەکانیـان بـە خێرایی پەرەی گـرت. نەتەوەکانی ئێـران خوازیاری دامەزراندنی سیسـتمێکی دێموکراتیك بوون بۆ پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە سـەر بنەمای دێموکراسـی، ئـازادی و دادپـەروەری. جووڵانەوەی ئازادیخوازانـەی نەتـەوەی کورد دژی زۆرداریـی دەوڵەتی ناوەندیی بە هۆی چەنـد تایبەتمەندییەوە لـە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەهێزتر بوو. کوردسـتانی ئێران بە درێژایی سـاڵەکانی شـەڕی دووهەمـی جیهانی شـوێنی ڕوودانی چەندیـن ڕاپەڕینـی چەکدارانـە بە دژی دەسـەڵاتدارانی تـاران بوو. ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریواندا سەریان هەڵداوە بە گشتیی ئامانجی سیاسی، نەتەوایەتی و فەرهەنگییـان هەبـوو. هەروەهـا ناوچەی موکریانی کوردسـتانی ئێران پاش ڕووخاندنی دیکتاتۆری ڕەزاشـا و هەڵوەشـانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و نەمانیـان لـە ناوچەکـە، بە هۆی هێندێـك تایبەتمەنـدی جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی و کاریگەریی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردەکانی کوردسـتانی تورکیە و عێراق، هەلومەرجێکی لەباری تێدا ڕەخسا و پاش ماوەیەکی کەم بوو بە ناوەندی چالاکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و نەتەوەیی.


لـە ٢٥ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٢١ی هەتاویدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کـورد(ژکاف) یەکەمیـن ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە کە پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەبـوو، ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام چونکە ژکاف نهێنی بوو و لە چوارچێوەیەکی داخراودا بـوو، ئەندامانی ئـەو ڕێکخراوەیە و لە سـەرووی هەموویانەوە پێشـەوا قازی هەسـتی بـە پێویسـتیی دامەزرانی حیزبێکـی مودێـرن و پێشـکەوتوو کرد، هـەر بۆیە لـە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبـی دێموکراتی کوردستان، لە سەر بناغەی تەشکیلاتی ( ژکاف) بـە هیمەتی پێشـەوا قازی مەحەممـەد و کۆمەڵێك لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد لە شـاری مەهاباد دامەزرا و پرۆگرامی سیاسـیی خۆێ لە ٨ ماددەدا بڵاو کـردەوە. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان خاڵێکی وەرچەرخـان بوو لـە مێژوویی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد و سـەرەتایەك بوو بـۆ پێکهاتنی حیزبێکی سیاسـی پێشـکەوتوو و مۆدێـرن و هەروەها وەك حیزبێکی نەتەوەیی — دێموکرانیك هاتە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانەوە و خۆی وەك نوێنەری تێکڕای چین و توێژکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی دێموکـرات لـە نێو ڕووداوە سیاسـییە گرینگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردسـتاندا، ڕۆڵی دیاری هەبـووە و وەك حیزبێکی جەماوەریی و مۆدێڕن، پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوی کـورد لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتدا بووە. هەر بۆیە هەڵوێسـتەکانی حیزبی دێموکـرات لەمەڕ کێشـەی نەتەوەیی کورد بە گشتیی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە مێژوویی سیاسیی خەبات بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە. حیزبی دێموکرات لـە ماوەیەکی کەمدا هەموو توانا و چالاکی خۆی وەگەڕ خسـت بۆ دامەزرانـی کۆماری کوردسـتان، هەر بۆیە دامەزراندنی کۆماری کوردسـتان بە خاڵێکـی وەرچەرخان لـە مێژووی کوردسـتان بە گشـتی و لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە تایبەتی دادەنرێت. پـاش ڕووخانـی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدەرانی سەرکۆمار و هاوڕێیانی و دەستبەسەرکرانی سەدان ئەندامـی حیزب و نفوززی سـاواك لە تەشـکیلاتی حیزبی تودەدا، حیزب لە یەکەمین کۆنفرانسـی خۆیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا پچڕاند. پاشـان چالاکییەکانـی خۆی لە کوردسـتانی ئێرانـدا ڕێکخسـتەوە و سـەرلەنوێ ڕۆژنامەی (کوردسـتان)ی، ئۆرگانی کومیتـەی ناوەندی حیـزب بە زمانی کوردی بە چاپ گەیاندەوە. بڕگەیەکی دیکەی خەباتی حیزب، هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکدارانە دژی ڕێژێمی شاهەنشـاهی لـە کوردسـتانی ئێران، لـە سـاڵەکانی ١٣٤٦-٤٧ی هەتاویدا بوو، کە ئەو ڕاپەڕینـە نزیکەی هەژدە مانگـی خایاند و پـاش بەکارهێنانی سـەرکوت و توندوتیژییەکـی کەم وێنە لە لایـەن ڕژێمی شاهەنشـاهییەوە و شەهید بوونی دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمـان دامرکاییەوە. پاش گەڕانەوەی دوکتور عبدلڕەحمان قاسـملوو لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەسـتی بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشـتنی بەرنامە و ئەساسـنامەی حیزب، بۆ یەکەمجار پاش کونگـرەی ٣، حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسـنامەیەکی شـیاوی هێزیکی مۆدێرن.

ئاشـکرایە کـە بـە سـەوکەوتنی شۆڕشـی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕێژێمی حەمەرەزا شـای پەهلەوی لە سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هەلومەرجی کوردسـتانی ئێران گۆڕانی بە سـەردا هـات، بە ڕادەیـەك کە بە سـەرەتای قۆناغێکی نوێ بـۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانـی گەلی کـورد دێتە ئەژمار. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش سی و دووساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سـەر لە نوێ ئاشکرا بوونی خـۆی ڕاگەیاند. کوردسـتانی ئێران بۆ یەکەمجار لە دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردسـتاندا تامـی ئازادی ڕاسـتەقینەی دەچێشـت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سـەرەوە نەبـوو. پاش بێ ئاکام بوونی گفتوگۆی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتـی گەلی کـورد و ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی، ڕێژیـم بڕیاری دا کێشـەی کورد لە ڕێگای هێرشـی نیزامیی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتـەوە. هەر بۆیە لە بەهاری سـاڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێرشێکی بەربڵاوی نیزامیی بۆ سـەر کوردسـتان دەستی پێکرد کە پاشان خومەینی بە دەرکردنی فەتـوای جیهاد لـە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویـدا لەشکرکێشـی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشـتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردسـتانی ئێران دەسـت پێکرد کە تا ئێسـتاش لە شێوەی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە. هەر لە سـەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا شەهید دوکتور قاسملوو ڕێبـەری نەتەوەیی کورد و سـکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم کەسـی کورد و ئێرانی بوو کە هەوڵە پاوانخوزییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بـە هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکـی مەزهەبی لە ئێراندا لە قەڵەم دا. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕیفراندۆمی ڕێژیمـی بۆ دامەزراندنی «کۆماری ئیسـلامی» بایکوت کرد. بەڵام زۆر لایەنی چەپ و مارکسیستی، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و بە تایبەت ئەمریکا هەنـگاو دەنێت و هەر بۆیە بە کردەوە پشتیوانیان لە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکـرد. کاتێك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لە لایـەن تاقمێك خوێندکارەوە دەسـتی بە سەردا گیرا و هێرشـی نیزامیی ڕێژیم بۆ سـەر کوردسـتان دەسـتی پێکرد، پشتیوانیان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی ئیمام و هێرشـی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان کرد. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی شەهید دوکتور قاسملوو ئەو کردەوەی ڕێژیمی کۆمـاری ئیسـلامی، واتـە گرتنی باڵوزخانـەی ئەمریکای مەحکووم کرد. کە ئیسـتا بۆتە جێگای ڕێزی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و بیانی. ئەوڕۆکە چەمکەکانی دێموکراسـی و مافـی مـرۆڤ بۆتە فەرهەنگی ڕزگاریی بۆ گەیشـتن بە ئازادی و سەربەسـتی، دەردەکەوێت کە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران هەر لـە کاتی دامەزرانیەوە تا ئێسـتا دووربینتریـن، پێشـکەوتنخوازترین و مۆدێرنتریـن حیزبی سـەر گۆڕەپانی سیاسی کوردسـتان و ئێرانە کە باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە. هـەر بۆیە ئیسـتاش پاش نزیك بەحـەوت دەیە خەبات و تێکۆشـان لە پێناوی ئـازادی و مافی نەتەوایەتیدا، ڕێباز و قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران نەك هـەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشـتووە، بەڵکوو وەك ئەسـتێرەیەکی پرشـنگدار لە ئاسمانی کوردسـتاندا دەدرەوشـێتەوە و وەك گونجاوتریـن ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا دەرکەوتووە.

# ٩٤ ساڵ پاش پەیماننامەی سیڤەر

**شەماڵ تەرغیبی**

٣ ساڵ پێش لە بەستنی کۆنفرانسی لۆزان لە سوییس و دروستبوونی وڵاتی نوێی تورکیە کە بەو هۆیەوە بە فەرمی نیشتمانی کوردان بە سەر ٤ وڵاتی ئێران و تورکیە و عێراق و سووریەدا دابەش کرا، کۆنفرانسێك لە «سیڤەر»ی پاریس پێکهات. لایەنەکانی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوون لە وڵاتانی بریتانیا و فەرانسە و حکوومەتی عوسمانی و هەیئەتی نوێنەرانی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی ژنراڵ شەریف پاشا. ئەنجام و ئاکامی ئەم دانیشتنە واژۆکردنی پەیماننامەیەکی ٤٣٣ ماددەیی بوو کە لە ڕێکەوتی ١٠ی ئوتی ١٩٢٠ی زایینی بەرامبەر بە ١٩ی گەلاوێژی ١٢٩٩ی هەتاوی بەسترا. هەرچەند کە پەیمانی سیڤەر بۆ کوردستان و چارەنووسی نەتەوەی کورد، توانایی و هێزی ئیجرایی و پراکتیکی پێ نەبوو و لە ٢٤ی ژوییەی ١٩٢٣ی زایینی بە بەستنی پەیمانی لۆزان، بە کردەوە لەبار چوو بەڵام بەو هۆیەوە کە یەکەمین جار بوو لە ڕێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەییدا بە فەرمی باس لە مافەکانی نەتەوەی کورد کرابوو، گرینگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتی لە مادەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی ئەم پەیماننامەدا کە باس لە شێوازی پێکهێنانی کۆمسیونێکی تایبەت بۆ دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی کوردستان و ئاستی حکوومەتی کوردان دەکات و دان بەوەدا دەنرێت کە گەلی کورد وەکوو نەتەوەیەك دەتوانێ وڵاتی سەربەخۆی هەبێت. ئەم ٣ مادە لە پەیماننامەی سیڤەر بەپێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان کە هەلومەرجی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لەسەر ٣ پێوەری نیشتمان، نەتەوە و حوکمڕانی سیاسی پێناسە دەکات، دان بە مافی کوردەکان دادەنێت لەمەڕ پێکهێنانی دەوڵەتی خۆجێی، بەڵام ئەم هەلە بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆر و یەك لەوان




شێوازی ژیانی گەلی کورد لەو کاتەدا و چنراوەی (بافت) کۆمەڵایەتی ئەم نەتەوە و گرینگتر لەوانە سیاسەتی نێونەتەوەیی ناتەبا لەگەڵ مافی کورد، لە کیس چوو و جێبەجێ نەکرا. بە هەرحاڵ ئێستا پاش ٩٤ ساڵ لە واژۆکردنی ئەم پەیماننامە، بارودۆخی گەلی کورد گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ڕەوتی ڕووداوەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهانیدا ڕۆڵ و شوێندانەریی تایبەتی لەسەر پرسی کورد هەبووە. لە کوردستانی عێراقی فیدراڵدا کورد بە بەشێکی گرینگ لە مافەکانی گەیشتووە و نیشانی داوە ئەم پارچەیە لە کوردستان چۆن بووەتە هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر لە ئاستی ناوچەدا و لە هەمان کاتیشدا پشت و پەنایەکی لەبار و گونجاو بۆ پارچەکانی دیکە. هەرچەند کە لە ئێستادا بەردەوام وەبەر پەلاماری ئەمنیەتی و تیرۆریستی دەکەوێت بەڵام دیسانیش توانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو لە هاوکێشەکانی ناوچەدا بگێڕێت. لە کوردستانی تورکیەدا بۆ یەکەمین جار پاش چەندین دەیە حاشاکردن لە بوونی شوناسی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی بە شێوەی فەرمی دان بە بوونی نیشتمانی کوردستان و مافی دانیشتوانەکەی دادەنرێ و پرۆسەیەك دەستی پێکردووە کە وێدەچێ لە داهاتوودا بگاتە ئەنجامێکی لواو و ئاشتی سەرتاسەری.

لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی کورد تەنیا بە باشوور بەرتەسك نەبووەتەوە بەڵکوو لە باکوور بە جۆرێك و ڕۆژئاوا بە جۆرێکی دیکە و لە ڕۆژهەڵات بە شێوازێکی دیکە لە گۆڕێ دان و دۆزی کوردیان گەیاندووەتە ئاستێك کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ زۆر لە جاران لەبارتر و زەقتر ببێتەوە، بە جۆرێك کە بیروڕای گشتیی جیهانی و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی شوێندانەر نەکرێ لێی بێدەنگ بن و لەبەر چاوی نەگرن.

## ڕۆژی جیهانیی لاوان و بارودۆخی لاوانی کورد



**فواد خاکی بەیگی**

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارە ٥٤/١٢٠ی خۆیدا، بە پشتن بەستن بە کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری لاوان کە لە ڕێکەوتی ٨ بۆ ١٢ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە لیسبۆن ئامادە بوون، ڕۆژی ١٢ی ئاگۆستی وەك ڕۆژی جیهانیی لاوان دەستنیشان کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینییەوە، هەموو ساڵێك بەپێی بارودۆخ و فەزای سیاسی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی هەر یەك لە وڵاتانی ئەم جیهانە پان و بەرینە لە ١٢ی ئاگۆستدا، ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ لاوان و زۆربەی کاتەکانیش لە لایەن خودی لاوانەوە بەڕێوە دەچێت.

ئەو وڵاتانەی ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ لاوان بەڕێوە دەبەن، ئەو جۆرە سیستمە دێموکراتیك و مرۆڤتەوەرانەن کە بەردەوام و بەپێی پێشکەوتنەکانی دنیای مۆدێڕن، بیر لە جیهانێکی باشتر بۆ لاوان و بەشداریی لاوان دەکەنەوە.

ئەوەی لەلایەن خودی لاوانەوە بەڕێوە دەچێت، لەو جۆرە سیستمە دیکتاتۆر و سەدەناوەڕاستی و دژی گەلییانەیە کە بە هیچ جۆر خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی مۆدێڕن ناگونجێنن و لاوان و بەتایبەتی ئازادیخوازانی ئەم وڵاتانە لە هەر ڕێگایەکی مومکین کە بۆیان بکرێ هەوڵ ئەدەن یادێك لە ڕۆژی جیهانیی لاوان بکەنەوە.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج و تێڕامانە بارودۆخی لاوانی کوردە و ڕۆژی جیهانی لاوانیش موناسبەتێکە بۆ ئەوەی لەم کورتە باسەدا ئاوڕێکی خێرای لێ بدەینەوە.

لاوانی کورد، ئەوانەی چ خۆیان وەك تاك و چ لەگەڵ بنەماڵەکانیان ڕوویان لە هەندەران کردووە، لەلایەك بەپێی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا و لەلایەکی دیکە باندۆر و زەختی پرۆسەی ئینتگراسیۆن ئەوانی لەگەڵ سیستمەکان ڕێکخستووە. لاوانی کورد لە کوردستان هەرکام بەپێی جۆری سیستم و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکانیان بارودۆخی جیاوازیان هەیە. لاوان لە کوردستانی باکوور پاش هاتنەسەرکاری AKP و گەلاڵەی ئاشتی و تا ڕادەیەك کراوەتربوونی فەزای سیاسی لە تورکیە توانیویانە ساڵانە لە ڕۆژی جیهانیی لاواندا هەم ڕێوڕەسمی تایبەت بەو ڕۆژە بەڕێوە ببەن و هەمیش خواستەکانیان بە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانی هێمنانە دەربڕن. پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی و بە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی باشووری کوردستان، بە خۆشییەوە ماوەی چەند ساڵە بارودۆخی لاوان لە باشووری کوردستان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو باشتربوون دەڕوات، پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، بە هێزتر بوونی پێگەی لاوان لە دەسەڵاتی سیاسی و خۆ گونجاندنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بیر و ئەندیشەی مۆدێڕن ئاسۆیەکی گەش بۆ لاوان لەم هەرێمە بە دی دەکرێت.

لاوانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دوابەدوای خۆپیشاندانی ئازادیخوازانی کورد و عەرەب لە سووریە دژی فەرمانڕەوایی ئەسەد و هاوبیرانی لە زۆر لایەنەوە بوونەتە قوربانی، لە لایەك قوربانی دەستی ڕێژیمی دیکتاتۆری و دژی گەلی بەعسی سوورین کە تەنانەت حاشا لە بوون و شوناسیان دەکات و لە لایەکی دیکە پاش بەهاری عەرەبی و نەمانی ڕێژیمی بەعسی سووری لە بەشێك لە خاکی کوردستانی ڕۆژئاوا بوونەتە قوربانی پرش و بڵاوی هێزە کوردییەکان و نایەکگرتووی ئەو هێزانە و زۆر جاریش بیری دیکتاتۆری هێزگەلێکی کوردی کە مەجالی بۆ هیچ جۆرە، خەباتێکی نەتەوەیی و ڕێکخراوی بۆ لاوان لەو بەشە لە خاکی کوردستان نەهێشتوەتەوە.

لاوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەوڕۆکە بارودۆخیان لە هەر یەك لە پارچەکانی تری کوردستان خراپترە، ئەگەر لە لایەك لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لە بەرەبەرەی ڕۆژی جیهانیی لاوان، دیاری حکوومەتەکان بۆ لاوان خستنە ڕووی کۆمەڵێك یاسا و گەلاڵەی سەردەمیانەیە بۆ باشتر کردنی بژێوی و گوزەرانی لاوان لە لایەکی دیکەوە لە سایەی حکوومەتی سەدە ناوەڕاستی و دژی گەلی کۆماری ئێسلامیدا نەتەنیا هیچ گەڵاڵە و پرۆژەیەك بۆ لاوان لە ئارادایە نیە، تەنانەت ئیزنی بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمێك بۆ ئەو ڕۆژە جیهانییە نادرێت و دیاریی بۆ لاوان، ئەشکەنجە، زیندان و لە سێدارەدانە.

ئەوە جێگای دڵخۆشییە لاوان لە سەرانسەری ئێران و کوردستان لە هەر ڕێگایەك کە بۆیان بڕەخسێ و بە پێی توانا و ئیمکاناتی خۆیان هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی ئازاد و مۆدێڕندا بگونجێنن و خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازان و لاوانی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران مزگێنی ئەوەمان پێدەدەن کە جیهانێکی باشتر بۆ لاوان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا بێتە ئاراوە.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No: 635 • 23 Aug 2014*



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr




# پێشمەرگە خوێنە لە دەمارەکانی کوردستاندا











